گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# خواوەندی (مێینە) ژن لە میثی کوردیدا

**شەتاو بێژەن حمە ڕەشید**

کارگێڕی یاسا، پەیمانگەی تەکنیکی ئایندە، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

setavnn@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

**وەرگرتن:** ٢٠٢٩/٩/٢٠

**پەسەندکردن:** ٢٠٢٠/١١/٥

**بڵاو کردنەوە:** زستانی ٢٠٢٠

**ووشە سەرەکییەکان**

*Gods, woman, the myth, the cave, The Human being, the religio.*

**Doi:**

10.25212/lfu.qzj.5.4.07

## پوختە

لە خوێندنەوەیەکی وردی ئەفسانە کوردیەکان،بە دیدێکی ئایین ناسی و فەلسەفە ناسی دەگەینە ئەو باوەڕەی کە زۆر شت هەبوە لە (باوەڕ و نەریت) لە ناو ئەفسانە، ئیمە بە ئەفسانەمان دەزانین،کەچی دەرکەوت ئەمانە رۆژانێک ئەرکی ئایینی بوونە-مەبەست ئایینە زەمینیەکانە-و داب و نەریتی نێو کۆمەڵ بوونەو رۆژانێ بە ئەرکی ئایینی و پیرۆزیەوە پەیرەو کراون،وەک ناشتنی زیندوو، قوربانی کردن بۆ مرۆڤ.لەم باسەدا گەڕانەوە و پشکنینی ئەو سەرچاوانەی باسیان لە ئەفسانەی کوردی کردووە،هەندێ گێرانەوە هەن کە تێیدا باس لە خواوەندی مێینە کراوە.پاشان رێبازی بەراوردکاری کە تێیدا لێکچوون و جیاوازی لە نێوان ئەفسانەی کوردی و ئەفسانەی گەلانی دراوسێ بەکار هێنراوە بۆ تێگەیشتن لە ئەفسانەی کوردی.بۆیە لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵ دراوە یەکەم:لە رووی تیۆرییەوە پێناسەی ئەفسانە بکرێ و پاشان رۆڵی خوداوەند و جۆرەکانی لە ئەفسانەکاندا.هەروەها هەوڵ دراوە پێناسەی خوداوەند وەک جۆرێکی تایبەت قسەی لە سەر بکرێت بە تایبەت خواوەندی مێینە.لایەنی تیۆری بریتیە لە قسە کردن لە سەر چییەتی ئەفسانەی کوردی و تایبەتمەندیەکانی و هەروەها رۆڵی میینە تێیاندا.هاوکات باس کردن لە تایبەتمەندی مێینە لە ئەفسانە و فولکلۆری کوردیدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

ئەفسانە بەرهەمی خەیاڵ و یەکەم شێوازی بیر کردنەوەیە لە مێژووی هزری مرۆڤایەتییدا.باڵام ئەگەر چی ئەو شێواز بیر کردنەوەیە سادە و ساکارە،مانای قوڵ و شاراوەشی تێدایە.تا چەند مرۆڤ پێش بکەوێ پێویستی بەوەیە بیر لەو ئەفسانانە بکاتەوە.بۆیە لەم توێژینەوەدا هەوڵ دەدرێ تاوتویێ ئەفسانە بە گشتی و خواوەندی مێینە لە ئەفسانەی کوردی بە تایبەت بکرێ.لەوانەیە یەکێک بپرسێ ئایا شتێک هەیە بە ناوی ئەفسانەی کوردی چ جای خواوەندی مێینە؟هەڵبەت لای لێلکۆڵەران هێشتا وەڵامی ئەم پرسیارە بە رەهایی ساغ نەبۆتەوە. بەڵام دەتوانین پەنجە ڕابکێشین بۆ ناوچەیەکی دێرین کە بە نیشتیمانی دایکی بیرو باوەڕە ئەفسانەیەکان دەژمێردرێت ئەویش ناوچەی میزۆپۆتامیایە.پاشان بەو پێیەی ئەم ناوچەیە بەشێکە لە جوگرافیای کوردستان و بە دڵی کوردستان دادەنرێ و هەر لە مێژەوە چەندان ئەفسانەو بیروباوەری جیاواز سەریان هەڵداوە لە ناو ئەو گەل و نەژادانەی کە تێیدا ژیاون کاریگەری هەبوە لە سەر ژیان ودیدو جیهانبینیان.

لێرەوە ئیمە دەتوانین بڵێین کوردستان جیێنشینی و زادگەی ئەفسانە جیاوازەکانە.یەکێک لەو ئەفسانە ناسراوانە ئەفسانەی مێینە واتە خواوەندە مێینەکانی وەک شاوشکا و ئەشتار و ئەناهیتا.هەڵبەت تا ئیستا لێکۆڵەرە مێژوویەکان ئەوەندەیان بۆ ئیمە باسکردووە،بەڵام ئەگەر لێکۆڵینەوەی زیاتری شوێنەوارناسی بکرێ،دەشێ شتی زیاترمان بۆ ئاشکرا بێ لەوبارەوە.ئەمەش ئەرکێکە بۆ لێکۆڵەرەوانی تر بە جێ دەهێڵین.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە (میتۆدۆلۆجی)

رێبازی لێکۆڵینەوە لەم باسەدا گەڕانەوە و پشکنینی ئەو سەرجاوانەیە باسیان لە ئەفسانەی کوردی کردووە، هەندێک گێرانەوە هەن کە تێیدا باس لە خوداوەندی مێینە کراوە. پاشان ڕێبازی بەراوردکاری کە تێیدا لێکچوون و جیاوازی لە نێوان ئەفسانەی کوردی وئەفسانەی گەلانی دراوسی بەکار هێنراوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ تیگەیشتن لە ئەفسانەی کوردی. بۆیە لێکۆڵینەوەکە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش کراوە: یەکەم لە رووی تێۆریەوە هەوڵ دراوە پێناسەی ئەفسانەی بکرێ و پاشان رۆڵی خوداوەند و جۆرەکانی لە ئەفسانە کان دا. هەروەها هەوڵ دراوە پێناسەی خوداوەند وەک جۆرێکی تایبەت قسە ی لە سەر بکرێت ، بە تایبەت خوداوەندی مێینە. لایەنی تێۆری بریتییە لە قسە کردن لە سەر چییەتی ئەفسانەی کوردی و تایبەتمەندیەکانی و رۆڵی مێینە تێیاندا. هاوکات لە سەر تایبەتمەندی میینە لە ئەفسانە وفۆلکلۆری کوردیدا باس کراوە.

## بەشی یەکەم: (تیۆری) پێناسەی چەمکەکان

### 1.1: ئاینی کوردان

کۆنترین ئایین لە شانەدەری کوردستان بووە و ئەو ئایینە بەردەوام بووە و بە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە و گەیشتووەتە سۆمەریەکان و ئەوانیش لەگەڵ خۆیان بردوویانەتە خوارەوە و پەرەیان پێداوە و بە دەوروبەردا بڵاویان کردووەتەوە تا گەیشتووەتە ئەوەی لە لوڕستان (گلگامشی) پاشاو پاڵەوانی سۆمەری وەك خوداوەندێك بپەرستن گلگامش یەکێکە لەو خوداوەندانەی کە لە لوڕستان و لەلای خەڵکەکەی پێشانی لای کاسییەکان، گەیشتووەتە پلەی خوداوەند (سافراستیان, ٢٠٠٥, ل١٩٥-). ئەگەر سۆمەریەکان ئایینیان بە دەوروبەری خۆیاندا بڵاوکردووەتەوە، ئەوا نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، کە لە کوردستان هاتوونەتە خوارەوە، کوردستان پاش کۆچی ئەوان بێ دانیشتوان و بێ ئایین نەبووە، هەروەها پەیوەندیشیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان نەبڕاوە، چ بە شەڕو بە ئاشتی، ئەوەش ئەمانگەیەنێتە ئەوەی کە کوردستان، ئەگەر جێگای سەرهەڵدانی کۆنترین ئایینە، پاش ئەو سەرهەڵدانەش هیچ رۆژگارێك بێ ئایین نەبووە، هەردەم زیاتر لە ئایینێکی تێدا بڵاوبووە، کەواتە (ئایینی کوردستان) و (ئایینی کوردان) ئەگەر بگوترێ و بنووسرێ، شتێك نییە بێ بنەما، هەر ئەوەشە وای کردووە لە مێژوودا (ئایینی کورد- دین کورد) باس بکرێ، محەمەد عەلی سەجادی دەنوسێ لەناو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوداوەند و کەسایەتیە ئیلامیەکان، ئەوەی کە زانراوە (ناوی تۆی - Nazi، ناوی، کوردی- kurdi)، ئەوەی ناوی "کورد"مان بیردەخاتەوە (حەسەن, ٢٠٠٢، ل ١٩٥ ).

ئەوەی ئێرە نەك هەر باسی- ئایینی کورد-مان بۆ دەکات، بەڵکە ناوی خوداوەندێکمان بۆ دێنێ، کە پێی گوتراوە- کورد- خوداوەندی کورد. هەروەها سەرهەنگی داودانی لە (324ك=935ز) لە شیعرێکدا ئاوا باسی ئایینی کوردان دەکات:

سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان

ئەز کانامن سەرهەنگ دەودان

چەنی ئیرمانان مەگێلم نەهەردان

مەکۆشم پەری ئایینی کوردان

ئەو ئایینە کۆن و لەمێژینەی کورد لە سەردەمی زەردەشتیەتدا چاکتر ڕوون دەبێتەوە و  باس دەکرێ.

لە مێژووی تەمەنی ئایین لەکوردستان بۆ مان دەرکەوت، کە پەیکەری (خوداوەندی دایك) بۆ زیاتر لە (30 هەزار ساڵ) لەوەوپێش دەگەڕێتەوە، هەر ئەو پەیکەرەشە لە بەردەوامی پەرستندا دواجار دەبێ بە (بت) و ئەوەی بۆ خوداوەندی دایك دەکرا، لە پەیکەر و ڕێوڕەسمی پەرستن بۆ خوداوەندەکانی تریش دەکراو مرۆڤیش بەردەوام بڕوای بە خودا هەبووە(دوست, 1381, ل١٩٦ )، بەڵام خودا لە ئاینێکەوە بۆ ئایینێکی تر جیابووە لەگەڵ ئەو جیاییەشدا ئایینەکان هەموویان یەکن(افرای,١٩٩٢, ل١٩٧). ئایینەکان هەموویان یەکن بەو مانایەی هەموویان باوەڕی ئایینیان هەیە و ڕێوڕەسمی پەرستنیان هەیە و شوێنی پەرستنی خۆیان هەیە و کات و ڕۆژ و ساڵ و مانگی پیرۆزی تایبەت بە خۆیان هەیە و کەسایەتی پێغەمبەر و پیاو چاکی خۆیان هەیە و دەقی لەبەرکراو، یان نووسراوی خۆیان هەیە و دواجار خودا- و - خوداوەندی - تایبەت بەخۆیان هەیە- ئەگەرچی هەندێ ئایین بێ پەیامبەر و خودان، ئەو ئایینانە لە کوردستان بڵاونەبوونەتەوە- جا ئەو خوداوەندە لەسەر زەویدا مرۆڤ بەرجەستەی کردبێ، لە (بت- پەیکەر)ێك، یان ئەوەتە لە کەسایەتیەك، یان لە ئاسمان بە دوای دا گەڕابێ و لە ئەستێرە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و مانگ و ڕۆژدا وێنای کردبێ، یان پێی وابووبێ لەسەرەوەی ئەم بەرچاوانەیە و بە چاوی سەر نابینرێ، یان دواجار هاتبێتە سەر ئەو باوەڕەی- خودا- ئەوەتا لەنێو دڵی مرۆڤدا، جا بە گوێرەی ئەقڵ و ئایینی مرۆڤ، خودا لە هەر جێگایەك لەو جێگایانە بووبێ، هەر خۆشی ویستووە و پەرستوویەتی و لێی ترساوە و داوای یارمەتی لێکردووە، ئەمانەش هەمووی هۆیەکی سەرەکین بۆ ئایین گۆڕیین و زۆر ئایینی، کە ئەم ڕەوشتە ئێستاش مرۆڤایەتی لێ ڕزگار نەبووە.

ئایین لە کوردستاندا خاوەنی تەمەنێکی درێژ و هەمەجۆری ئایینییە، ئەستەمە بتوانرێ، ئەم هەموو ئایینە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئاوا بەسەر بکرێتەوە، بۆیە لێرە بەسەر زۆربەی زەمەن و ئایینەکاندا بازدەدەین و خۆمان دەگەێنینە سەردەمی ئایینی میترایی- مهرپەرستی- و لەوێوە هەڵوەستەیەکی کورت دەکەین و بە پەلە خۆ دەگەیێنینە سەردەمی ئیسلام لە کوردستاندا. لە یەکێك لەو ئایینانە ئایینی (میهر-میترا)یە، کە بە کۆنترین ئایینی گشتگیری جیهان دەژمێردرێت، سەرچاوەی ئەم ئایینە ئەو میللەتانە بوونە کە لەسەر خاکی کوردستانی ئیمڕۆدا دەژیان و خەڵکی ئەم وڵاتە بەگشتی، بەر لە هاتنی ئایینی زەردەشت زۆربەیان لەسەر باوەڕی ئایینی میترایی بوون (خدر, ٢٠٠٤, ل١٨ ).

دیارە لە ئایینی میهرپەرستی (4)- میترا دا، ڕۆژ، ڕووناکی، ئاگر پیرۆزبووە و گەیشتووەتە ڕادەی پەرستن، بە پیرۆز زانینی خۆر لای میترا ئیەکان ئەوەندە گەورەیە ڕۆژانە دووجار کرنۆشی بۆ دەبەن و سوپاسگوزاری خۆیان بۆ میترا دەردەبڕن (جاف, ٢٠٠٢, ل٧٧).

دیارە ئەو ڕۆژ بە پیرۆز زانین و بەخوداوەند زانینە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خوداوەندی هەتاو- ئۆتۆ- ی سۆمەری، کە یەکێك بووە لە خوداوەندە زۆرەکانی سروشت، بەڵام لای میتراییەکان بووە بە یەکانەهێز و خوداوەند، هەر ئەو پیرۆزیەشە دەچێتە ناو ئایینی (زەردەشت) و ئەویش شوێنێکی بەرز و پیرۆز بۆ ڕۆژ و ڕووناکی و ئاگر دادەنێ، بەڵام ناگاتە ئاستی خوداوەند و پەرستن دواجار ئەو فکرەیە، فکرەی پیرۆز ڕاگرتنی ڕۆژ و ڕووناکی و ئاگر دەچێتە ناو زۆربەی ئایینەکانی دواترو بەشێوەی جیاجیا خۆی نمایش دەکات. داگیرساندنی (مۆم، چرا) لەسەر ڕێگاکان و شوێنە پیرۆزەکان و گۆڕستانەکان بە

تایبەت لەناو مەزارگەی پیاوە پیرۆزەکاندا (داگیرساندنی مۆم لەناو کلیساکانی مەسیحیەکاندا) سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ میترا ئیزم هەروەها داگیرساندنی مۆم و فتیل و چرا لە لالەش لای ئێزیدییەکان، ئەویش هەر پەیوەستە بەو ریشەوە، هەرچەندە ڕای وا هەیە، کە ئیزەدی ڕیشەی کۆنە و بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام هەر چۆنێ بێ ڕووناکییە و پەیوەستن بە یەکەوە، لە بارەی کۆنی ئایینەکانەوە بۆ زەردەشتیش رای جیاواز هەیە، کە زۆر کۆنەو ئەو مێژووە ناسراوەی سەدەی حەوتەم و شەشەمی پێش زایین مێژوویێکی یەکانە نیە گەلێ سەرچاوەش هەن کە (ژیانی زەردەشت) دەبەنەوە بۆ 6000 و 5000 و 4000 ساڵ پێش زایین.

هەروەها هەن کە باوەڕیان وایە مێژوو زیاترلە زەردەشتێکی بە خۆیەوە دیوە، ئەگەر زۆری ئەو زەردەشتـانە شتێکی گۆماناوی بێت، ئەوا زۆری ئایین لە کوردستان شتێکی بەرچاوە دینی خەڵکی کورد و کورد خەڵکێکی دین باوەڕن، لەپێش ئیسلام، ئەو خەڵکە میهرپەرست بوون و پاشان بوونە زەردەشتی و لە سەردەمی ساسانیەکان سەرەڕای ئایینی زەردەشتی، ئایینی مەسیحی و مانەوەی و مەزدە کێش لەنێو کوردان هەبوو، هەریەك لە وانە خەڵکی خۆی هەبووە (شاهیان, 1380, ل١١٥ ).

ئەگەر پێش ئیسلام کوردستان ئەو هەموو ئایینەی هەبووە، ئەوا بە ئیسلام بوونی زۆربەی کورد، نەتوانرێ ئایین و ئاینزاکانی تری کوردستان بسرێتەوە، دیسان چیرۆکی ئیسلام بوونی کورد، چیرۆکێکی زانراوە و سەرچاوەی زۆر و گرنگی هەیە.

### 2.1: مێژووی ئایینی کورد

کورد وەکو میللەتێک،وەک هەر شتێکی تری خۆی مێژووی ئایینی خۆشی هەیە،بەلام ئەم ئایینە کامەیە ولە چ سەردەمێکدایە؟بۆ وەڵایە ئەم پرسیارە باشتر وایە سەرەتا بپرسین! لە چ کاتێکەوە مرۆڤ لە کوردستاندا دەژی؟ زاناکان زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بە نێوەندێکی گرنگی پێگەیشتنی میللەتی کورد دەزانن!

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی زانراوە بە شێوەی لێکوڵینەوەی زانستی بەر لە(٦٠٠،٠٠٠ ساڵ) (سافراستیان, ٢٠٠٥, ل ١٩١). پێش زایین جۆرێک لە مرۆڤ لە زنجیرە چیاکانی کوردستان ژیاوە لەوەش بەدواوە بەردەوام مرۆڤ بە شێوەی جیاجیا ژیاوە، وە هیچ قۆناغێک نییە لە مێژوو تێیدا باس لەوە بکات کە پاش شەش سەد هەزار ساڵ پێش زایین کوردستان،یا زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بی مرۆڤ بوویێت، بەرهەمی ئەو بەردەوامیەش پێگەیشتن و دەرکەوتنی میللەتی کوردە،لە نێو ئەم ماوە دوورو درێژە زۆر شوێن هەن لە کوردستان لە نێو زنجیرە چیاکانی زاگرۆس خاڵی گەشی و ئاوەدانی بوون، لەوانە ئەشکەوتی ناوداری (شانەدەر) کە لێکۆڵینەوەکان دەڵێن، بەر لە ١٢٠،٠٠٠هەزار ساڵ پێش زایین مرۆڤ لەو ئەشکەوتە ژیاوەو تیایدا حەوت ئێسکبەندی مرۆڤ دۆزراوەتەوە، کە تەمەنی ئەم ئێسکبەندانە بۆ ٦٠ تا ٦٥ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، لە وردەی لێکۆڵینەوە لەم دەستە ئێسکبەندە زۆر شتی گرنگ دەرکەوتوە، هەر بۆیە ئەلکساندەر ئەلفریدۆ ڤیچ دەلێ: (ئەشکەوتە بە ناو بانگەکەی "شانەدەر" لە شاخەکانی کوردستان وەک ئارشیفێکی نایابی پاراستنی شوێنەواری شارستانی ،مێژووی مرۆڤایەتییە بە درێژایی (١٠٠،٠٠٠) ( حەسەن, ٢٠٠٧, ل،٨٤ ). شانەدەر نەک هەر بۆ کوردستان بۆ مرۆڤایەتیش زۆر گرنگە و تەمەنەکەشی بۆ پاراستنی ئەرشیفی نایابی شارستانی مرۆڤایەتی لە ٦٥ هەزار ساڵ تەمەنی ئێسکبەندەکانیش کۆنترە، ئەو ئەرشیفە کۆن و گرنگەی مرۆڤایەتی و کوردستان، جگە لە بەڵگە گرنگەکانی تر بەڵگەی بوونی(ئایین)یشی بە شێوە سەرەتاییەکەی تێیدا دەستکەوتووە،

ئەمەش کۆنترین مێژووە لە جیهان کە زاناکان بە لێکۆڵینەوە بیسەلمێنن: ئەو سەلماندنەش لە لێکۆڵینەوەی ورد و باریکی هەموو لایەنەکانی ئەم ئیسکبەندانە لە لایەن پسپۆڕانەوە ساغ بووتەوە، عە بدولرەقیب یوسف دەڵێ: (بیری ئایینی لە شورەی کەوانەیی و لە گۆڕی مردوانی ئەشکەوتی شانەدەر، ئەوانەی کە گوڵ لە سەر جەستەیان دانرابوو، هەروەها لە چەرموو پەیکەری (خواوەندی دایک) کە لە قۆر دروست کراوە،یەکەم پەرستراوە لە کوردستان لە چەرموو) هەر ئەو ئێسکانەی ئەشکەوتی شانەدەر- ئەوانەی گوڵ لە سەر جەستەیان دانرابوو- زاناکان بە وردی خوێندویانەتەوە لە

ئەنجامدا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕی کە ئەشکەوت نشینەکانی(شانەدەر) پێش ٦٥ هەزار ساڵ جۆرە باوەڕێکی ئایینی سەرەتاییان هەبووە،لە بەر ئەم هۆکارانە:

**یەکەم**:مردووەکان بە کۆمەڵ نێژراون و ئەوەشیان بەو مانایە لێک داوەتەوە، کە ئەوان بڕوایان بە زیندوو بوونەوەی هەبوە،بۆیە پێکەوەیان ناشتوون تا پێکەوەش زیندووببنەوە.

**دووەم**:جۆری ناشتنەکەی هەر یەکێک لە مردووەکان،لە شێوەی منداڵە لە زگی دایکی،ئەمەش واتا مردوو کە دەمرێ دەچێتەوە نێو زگی خاک،زگی دایکی.

ئەم دوو خالە ش هەر دووکیان بە بیری ئایینی دەچن،چونکە یەک لە نیشانەکانی-بیرۆکەی-ئایینی هەڵسووکەوتە لەگەڵ- مردوو-هەر بۆیە هیچ ئایینێک نییە رێورەسمی تایبەتی خۆی نەبێ بۆ شاردنەوەی مردوەکانی،ئەم جۆرە ناشتنەش، کە شانەدەریەکان مردووی خۆیان پێ شاردووتەوە،کۆنترین و رێک ترین ناشتنی مردووە لە مێژوودا،کە مرۆڤ مردووی خۆی ناشتبێ،هەروەها کۆنترین ناشتنە کە لە سەر ڕێوڕەسمی جۆرە(یایین)ێک مردوو شاردرابێتەوە،با ئەو ئایینەش هێشتا تەواو پتە وو سیستماتیک نەبووبێ (چونکە ئایینەکانی پێش مێژوو کێشە ی پێنەگیشتن و دەرنەکەوتنی ڕەنگ و ڕووی تایبەت و قایم نەبوونی تان و پۆیان هەبوو) (الماجدی,1998,ل،١٩٠)

جا ئەم جۆرە بیرۆکە ئایینیە لە کن شانەدەر نیشینەکان-بە پێ لۆجیکی ژیان-دەبێ پێشکەوتن و گۆڕانی بە سەردا هاتبێ،ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە بەر لە ٦٥ هەزار ساڵ پێش ئێستا بیرۆکەی ئایین لە (شانەدەر-کوردستان) سەری هەڵداوە،پاش ئەو مێژووە،پاش ئەو مێژووە، ئەو پەیکەرەیە کە پەیکەری دایکە بۆ(٣٠ هەزار ساڵ) پێش ئێستا دەگەرێتەوە: (پەیکەرێکی بچووکی بە شێوەی روو ولا کەڵەکە،بۆ خوداوەندی دایک،لە سەردەمی ئورگنیشیەوە، پێش نزیکەی (٣٠،٠٠٠) ساڵ کە بە وردی سەیری سەر سنگ و زگ و نێکی بکەی، ئەوە دەردەخات کە گرنگی بە ئەندامەکانی منداڵ بوون دراوە) (الشمس,2003,ل،٢٢٦).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە ئەم پەیکەرە بچووکەی- دایک خوداوەند- دەبێ بۆ پەرەستن دروست کرابێ،هەروەها لە دەوروبەری گوندی(نەمرکێ)ی نزیک شاری (دهۆک) لێکۆڵەر(ستیڤان کۆزفسکی)و دەستەکەی لە ساڵی ١٩٨٥، لە ئەنجامی پشکنین زۆر شتیان بۆ ڕوون دەبێتەوە، یەک لەوانە: لە گوندی نەمرکێ(چەند پەیکەرێکی جۆراوجۆر دۆزراوەتەوە،ئەگەر دروستکردنی پەیکەرەکان نیشانەی پێگەیشتنی هونەر بێ،ئەوا مانای پەیکەرەکان،مانایەکی ئایینی و ئەفسانەییە) (حەسەن,٢٠٠٢,ل،٦٠ ). ئەو گوندەش تەمەنی بۆ (١٠ هەزار ساڵ)پێش ئێستا دەگەڕێتەوە،ئەمانەش ئەوە دەردەخەن کە لە کوردستان بیری ئایینی هەر زوو واتە (٣٠ هەزار ساڵ) پێش ئێستا (خوداوەند)ی خۆی لە شێوەی (مرۆڤ)وێنا کردووە،ئەم مرۆڤەش مرۆڤی (دایک)ە کە (ژن)ە.دواتر سۆمەریەکان پەرە بە بیری خوداوەند لەشێوەی مرۆڤ دەدەن(وێنەی بەرجاوی خوداوەندی سۆمەریەکان،لە سروشتەوە سەرچاوە دەگرێ، سۆمەریەکان سروشتیان بە شێوەی مرۆڤ خستە بەر چاو لە باشوری عێراق،ئەو میراتی خوداوەندی دایک پەرەستنەشیان،کە خوداوەندی سروشتە لە باکوری-کوردستان-م-ی-عێراق وەرگرتووو) (الماجدي,1998,ل190) چونکە دەرکەوتووە، سۆمەریرکان،کە چوونەتە خوارەوە، وەک هە ر شتێکی تر لە شارستانیەتەکەیان،ئاینیشیان لەگەڵ خۆیان بردووە ئایینیش پێشینەیەکی دوورو درێژی هەبووە،هەروەها وەکو زانراو،ئایینی خۆیان لە سروشتەوە وەرگرتووە،هەر بۆیە دەبینین (دایکە خوداوەند لای سۆمەریەکان کە ماناکەی-پڕ بە وشە-دەکاتە "شاژنی چیا") (علی,1999,ل،٢١٥) گومانی تێدا نییە ئەو ناوەی خوداوەندی دایک لە پێش چوونە خوارەوەیان،بەم ناوە ناساندووە،مەبەستیشیان لە وشەی چیا راستەو خۆ چیاکانی کوردستان بووە.

ئەوەش بەشێکە لە (ئایینی سۆمەریەکان) ئەو ئایینەی کە خزعە لی ئەلماجدی دەنوسی: (ئایینی سۆمەریەکان،ئەو،(تۆ)یە بوو کە درەختی ئایینەکانی هەموو جیهان لێ دەرکەوت)( الماجدی,1998,ل،١٩٠). ئەگەر ئایینی سۆمەریەکان لە سەر قسەی خەز عەلی ئەلماجدی تۆی درەختی هرموو ئایینەکانی جیهان بێ،ئەوا ئەو(تۆ)یا لە (شانەدەر)ەوە هاتووە،هەر خۆشی پێشتر نووسی-

خوداوەندی سۆمەری لە خواری عێراق،پاشماوەی خواوەندی باکوری-عێراق-کوردستان-ە-م.ئەو خوداوەندی دایکە بە بەڵگەی زۆرەوە لە کوردستانەوە چووەتە خوارەوە (پەیکەری ئەو دایکە خوداوەندەی کە ساواکەی شیر دەدات و لە سەر هەر دوو شانی شتێکی وەکوو گوڵە تۆ-دیارە،لە خواروی عێراق دۆزرایەوەو بۆ نزیکەی (٦٠٠٠ هەزارساڵ) دەگەڕێتەوە)( الشمس,٢٠٠٣,ل،٢٢٦). کە دور نیە ئەو خوداوەندە-وەک پەیکەر لە کوردستان سۆمەریەکان لەگەڵ خۆیان بردبێتیانە خوارەوە،چونکە وەک پێشتر باسمان کرد،سۆمەریەکان لە کوردستان ئاینیان هەبووە،هەڵبەت کە چوونەتە خوارەوە،ئەو ئایین و خوداوەندەیان لەگەڵ خۆیان بردووە،وەک زۆر شتی تریشیان لەگەڵ خۆیان بردووە،بە تایبەت ئەم خوداوەندە لەوە دەچێ خواوەندێک بێ پەیوەندی بە سروشتی چاندنەوە هەبێ،وەکوو باسمان کرد سەر شانی خوداوەندەکە گولە تۆ-ی لەسەر بوو،ئەوەش دەرکەوت کە کشتوکاڵی دێمی کوردستان،سۆمەریەکان لە خواروو کردوویانەتە کشتوکاڵی ئاودێری،چۆن لە هەموو ڕووەکانەوە سۆمەریەکان لە خواروی عێراق گۆڕانێکی زۆریان بە سەردا هات و پێشکەوتن،هەر ئاواش (باوەڕی ئایینی سۆمەریەکان پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی،هەر لە هەزارەی چوارەمی پێش زاینەوە،تا ئەوەی لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین گەیشتە شێوەی پتەوی خۆی)(حەسەن، ٢٠٠١,ل،١٩٠) هەر لەو سەردەمەدا-واتە هەزارەی چوارەمی پێش زایین-(شێوەی پەیکەری خوداوەندی دایکی تەپە گەورە دەبینین کە هی سەردەمی عەبیدە ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەی ئایین لە کوردستان و سۆمەر،کە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن وبەتایبەت سۆمەریەکان،جگە لەوەی لە کوردستانەوە چوونەتە خوارەوە،لە ڕەگەزیش لە هەموو نەتەوەیەک زیاتر لە کورد نزیکن،یەکێ لە لێکۆڵەرەوەکان دەنوسێ (نابێ بلێین کورد،سۆمەرین،بەڵکو دەبێ بلێین  سۆمەریەکان کوردن)(پولادیان,٢٠٠٠,ل٢) ئەو سۆمەریانەی کە شارستانیەتێکیان دامەزراندوو لە هەموو پێکهاتەی ئەو شارستانیەتەدا داهێنەر بوون (لەگەڵ دەرکەوتنی شارستانیەتی سۆمەریەکان و داهێنانی نووسین لە سۆمەر نزیکەی (٣٢٠٠پ.ز) سیستەمی ئایینی و زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ پێکهات) (.حەسەن,2001,ل،١٩٠).زاناکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆریان لە سەر ئەوە نووسیوە کە (ئایین و ئەفسانە) پێکەوە سەریان هەڵداوە،یان ئەوەتا ئیین و ئەفسانە لە سەرەتادا هەردووکیان یەک شت بوون. (ئەوەی کە لە سەرەتای ئایینەوە پێ دەگەین،یان کۆنترین شێوە لە شێوەکانی ئایین،ئەوە ئەفسانەیە)(هیجل,1997,ل،٢٢١). ئەو ئایین و ئەفسانەیەش لە کن سۆمەریەکان کۆن و هێندە بەرچاوو دەولەمەندو تێکەڵە،لە جیهاندا بێ هاوتایە،هەر بۆیەکە لێکۆڵینەوە لە سەر ئایینی کۆنی سۆمەریەکان دەکرێ،لە هەمان کاتدا ئەو لێکۆڵینەوەیە،لێکۆڵینەوەیە لە سەر ئەفسانەی سۆمەریەکان.

## 3.1: پێناسەی میث

لە لایەنی تیورییەوە چەمکی ئەفسانە چەندین پێناسەی جیاواز هەیە، بۆیە لێرەدا چەند پێناسەیەکی جیاواز دەخەینەڕوو و دواتر لە کۆی ئەو پێناسانە پێناسەیەکی گشتی وەردەگرین بۆ ئەم توێژینەوە. پێش ئەوەی پێناسەکان باس بکەین، دەبێ واتای وشەی "ئەفسانە" لە ڕووی زمانەوە لێك بدەینەوە. "وشەی ئەفسانە (متولۆجیا - Mythology) لە زمانی یۆنانیەوە هاتووە کە لە دوو بڕگە پێکهاتووە: میتۆس، واتە چیرۆکی خواوەند و پاڵەوان، هەروەها بەشەکەی تریش لە وشەی لۆگی زانینەوە هاتووە")(رشید,٢٠٠٥,ل٥١٦). هەروەها لە پاڵ ئەوەی ئەفسانە چیرۆکی خواوەند و پاڵەوانەکانە هاوکات بەسەرهاتی مێژوویی و باس لە چیرۆکی دروستبوونی جیهان و مرۆڤە لە گەردوندا (رشید,هەمان سەرچاوە,ل٥١٧). لەبەرئەوە ئەفسانە بریتییە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە گەردوون و دیاردەکانی و پاشان لێکدانەوەیان لۆ فۆرمێکی تایبەت دا کە چیرۆك و گێڕانەوەیە لە داستانەکاندا.

هاوکات دەتوانین بڵێین ئەفسانە "دەربڕینی خولیا و ئەندێشەی پەستاوتوو (پەنگخواردووی) دەروونی مرۆڤە لە شێوەی بابەتێکدا کە ئامانج لێی کەمکردنەوەی ترس و دوودڵی مرۆڤە لە جیهانێکی پان و بەریندا بەرامبەر هەر هەڕەشە و مەترسییەك کە بەرەو ڕووی دەبێتەوە"(حەسەن,٢٠٠٧, ل٦٧). ئینجا ئەو دیاردانە یا هەڕەشە سروشتیەکان بن وەك هەورە بروسە و زریان و باوباران، یا بەهۆی مرۆڤەوە بێ وەك برسێتی و قاتوقڕی هەتا جەنگ و شەروشۆڕ. کەواتە مرۆڤ ئەفسانەی وەك "جۆرێك لە ڕاڤەکردن

و درککردن بە نهێنی گەردوون و جیهان بەکارهێناوە، بۆ نموونە کاتێك مرۆڤ لە تاریکی ترساوە، ڕووناکی خۆشویستووە و پەرستوویەتی"(حەسەن,هەمان سەرچاوە,ل٦٨).

ئەمە ئەو ڕاستیە دەردەخات کە مرۆڤ هەمیشە ئەفسانەی وەك وەڵامێك داناوە بۆ پرسیارەکانی سەبارەت بە ژیان و گەردوون، لەبەر ئەوەی زانست لە سەردەمە مێژووییە دێرینەکاندا هێندە پێش نەکەوتبوو، بۆیە ئەفسانە وەڵام بووە بۆ مرۆڤ. لێرەوە دەکرێ بوترێ ئەفسانە جۆرێکە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ کە باس لە نهێنییەکانی ژیان و جیهان دەکات(رشيد,٢٠٠٥,ل٥٦٣). ئیدی لەپێناو تێگەیشتن لە دیاردە و جیهان مرۆڤ باوەڕی کردووە بە لێکدانەوەی ئەفسانەکان. ئەمە کاتێ بووە کە زانست لەو سەردەمەدا سەرەتایی و نەیتوانیوە وەڵامی دڵەڕاوکێکانی مرۆڤ بداتەوە(٥٦٣)(رشيد,هەمان سەرچاوە,ل٥٦٤ ). لەبەر ئەوە مرۆڤ هانای بردۆتە بەر بیرکردنەوەی ئەفسانەیی، ئەگەرچی لە ئێستادا زانست ئەو وەڵامانە بە سەرەتایی و سادە دادەنێت.

لە فەرهەنگی فەلسەفی "رۆزنتاڵ" دا بەو جۆرە پێناسەی ئەفسانە کراوە: "فۆلکلۆری میللیە. کارڵ مارکس پێ وایە ئەفسانە زاڵ بوە بە سەر هێزەکانی سروشت کە دواتر زاڵ بوونە هەقیقەتە (زانست) بە سەر ئەفسانەدا دروست نەبێ".پێوەری ڕەوشتی "ئەفسانە نمایش کردنی هۆنەری شیعر ئاستە بۆ سروشت " هەروەها لە فەرهەنگی فەلسەفی جمیل سلیبا وا پێناسە کراوە:"قسە یەک کە بێ بنەماو بناغە بێ هەڵبەت لە ئینسیکلۆپیدیای"لالاند" دا هەمان بۆ چوون هەیە سەبارەت بە چەمکی ئەفسانە. بەڕای "فراس سەواح" توێژەر بواری ئەفسانەناسی، ئەفسانە بریتییە لە "چیرۆکێکی کۆن کە تێیدا بوونەوەرە سەرو سروشتییەکان (واتای ئەوانەی هێزیان لە بوونەوەرە سروشتییەکان زێترە) ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن. کەواتە ئەفسانە چیرۆکێکی پیرۆزە کە هەڵگری قووڵییێەکە کە پەیوەستە بە گەردوون و ژیانی مرۆڤەوە"(السواح, ٢٠٠١,ل١٣). بە مانایەکی تر مرۆڤ پەنای بردۆتە بەر ئەفسانە وەك جۆرێك لە راڤەکردن و دەرککردن بە نهێنی گەردوونی بەکارهێناوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەفسانە بریتییە لە "داستانی گەلێك بەبێ بیرکردنەوەیەکی قوڵ سەرهەڵدەدات تێیاندا هێزێکی سروشتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فۆرمی کەسێك وەردەگرێت، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو هێزە سروشتییە مانایەکی تایبەتی بەو گەلە ئەبەخشێت" (قەزاز,٢٠١١,ل١٤٠). هەڵبەت بەڕای هەندێك لێکۆڵەری تر، ئەفسانە هیچ نییە جگە لە چیرۆکێکی خورافی کە مرۆڤی سەرەتایی لە چاخە کۆنەکاندا هۆنیویەتەوە بەپێی خەیاڵ و ئەندێشە لاوازەکانی ویستوویەتی شرۆڤەی بوون و جیهان بکات(الحسین,٢٠٠٩,ل١١٣).

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسە جیاوازانەوە بۆ ئەفسانە دەتوانین بڵێین، ئەفسانە بریتییە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە گەردوون و دیاردەکانی نێو سروشت  کە دواجار لێکدانەوەیان لەو ڕووەی چ کاریگەری لەسەر ژیانی هەبێ(موکری,١٩٨٤,ل٣٩). لێرەوە راستە ئەگەر ئەفسانە جۆرێکە لە هۆشیاری و ئاگایی کۆمەڵایەتی مرۆڤ کە باس لە نهێنی بوونەوەر و جیهان و گێتی مان بۆ دەکات لە شێوەی داستان و چیرۆکدا(حسن,٢٠٠٧,ل٧٦). بۆیە ئەفسانە یەکەم شێوازی ڕۆشنبیری و ئاگایی ڕۆحی مرۆڤە(رشید,2005,ل563). بۆیە دەکرێ لە کۆی پێناسەکان بگەینە ئەو پێناسە ئیجرائیانە کە ئەفسانە بریتییە "لە تێگەیشتن و راڤەکردنی مرۆڤ بۆ سروشت و جیهان. کەواتە ئەفسانە قسەکردنە لەسەر نهێنی ئەو شتە شاراوە و هەندێك جاریش قەدەغەکراوانە کە خەڵکی ئاسایی ناتوانی بیکات و هەمیشە لە خەیاڵ و بیرکردنەوەیدایە. مەرج نییە شتە قەدەغەکراوەکان هەر حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ بن، بەڵکو جاری واش هەیە شتە تێکدەرەکانە".

## 4.1: جۆرەکانی میث

ئەگەرچی ئەفسانەکان لە ناوەڕۆکدا باسی داستانی پاڵەوانێتی و کێشەیەك دەکەن، بەڵام جۆراوجۆرن لە شێواز و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا. لەبەر ئەوە دەتوانین بەم شێوە جۆرەکانی ئەفسانە دەستنیشان بکەین:

یەکەم: ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاییینیەکان: ئەم جۆرە ئەفسانەیە بریتییە لە دەربڕینێکی زارەکی بۆ نەریت و بۆنە ئایینەکان لە کاتی گێڕانی ڕێورەسم و سروتەکاندا. بۆ نموونە لە بۆنەیەکی ئاییندا مرۆڤ بە سۆز و کاریگەر باسی دەکات و دەیگرێتەوە بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنی باوەڕ سەبارەت بە

دیاردەکانی بوونەوەر(رشید,هەمان سەرچاوە,ل٤٣). دیارە ئەم جۆرە ئەفسانەیە پێویستە تا مرۆڤ بۆنە ئایینییەکان لەبیر نەکات و هەمیشە یادیان بکاتەوە.

دووەم: ئەفسانەی گەردوونی: هەمیشە مرۆڤ هەوڵیداوە لە چۆنیەتی و سەرەتای دروستبوونی گەردوون تێبگات. بۆ نموونە ئەفسانەی بابلی باس لە چۆنیەتی دروستبوونی گەردوون، واتە ئاسمان و ئەستێرە و هەسارە و زەوی دەکات. هەروەها باسی لە چۆنیەتی دروستبوونی مرۆڤ لە زەوی و دونیادا باسکردووە. ئەمەشە لەبەرئەوەی مرۆڤ بەردەوام هەوڵیداو بەدوای شتە نەزانراو و نەناسراوەکاندا بگەڕێت. کەواتە ئەم جۆرە ئەفسانە باس لە مەتەلی ژیان دەکات.

سێیەم: ئەفسانەی هێمایی: ئاشکرایە کە مرۆڤ زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە بەهۆی ئەفسانەوە دەیەوێت باس لە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەی خۆی بکات(رشید,هەمان سەرچاوە,ل٤٢)، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە ئەفسانەیە لە جۆرەکانی تری ئەفسانە پیشکەوتووترە، چونکە خۆی نابەستێتەوە، تەنها بە باسکردنی گەردوون و سروشتەوە نییە، بەڵکو باس لە مرۆڤ و ژیانی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەکات. لەبەر ئەوە بە ئەفسانەیەکی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ. چوارەم: ئەفسانەی قارەمانێتی خواوەندەکان: جیاوازی ئەم ئەفسانەیە لەگەڵ ئەفسانەکانی تر لەوەدایە کە لەم ئەفسانەدا خواوەندەکان ئادەمیزادن. واتە لە بەرگ و شێوەی مرۆڤدان(رشید,هەمان سەرچاوە,ل٤٣). جیاوازی ئەم جۆرە لە ئەفسانەکانی تر لەوەدایە کە لەم ئەفسانەدا کە پاڵەوانەکانی ئادەمیزادن هاوکات ئاوێتەن بە خوداوەندێ، بەڵام لە چەشنەکانی تردا پاڵەوانی سەرەکی خوداوەندەکانن، چونکە لە ئەفسانەکانی تردا خوداوەندەکان خەریکی بەڕێوەبردنی کاروباری جیهان بوون، لە کاتێکدا لێرەدا قارەمان و پاڵەوانەکە لە لایەکەوە سیفەتی خواوەند و لەلایەکی ترەوە مرۆڤە لەسەر زەوی. بۆنموونە: ئەفسانەی گلگامێشی پاشای بابل.

لە کۆتایی ئەم بەشە تیۆرییەدا، دەتوانین بڵێین ئێمە هەوڵمان دا چەند لایەنێکی تیۆریی، ئەفسانە لە ڕوانگەی پێناسە جیاوازەکانی و جۆرەکانیەوە شرۆڤە بکەین وك سەرەتا و پێشەکییەك بۆ ناوەڕۆکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەکە. ئامانج لەمەش تەنها دەرخستنی ڕۆڵی خواوەندی مێینە لە ئەفسانە بەگشتی و ئەفسانەی کوردی بە تایبەتی.

## 5.1 : میثی کوردی:

ئەفسانە میراتێکی کولتووری و نەتەوەیی بەهادارە کە لەناو زۆربەی هەرە زۆری میللەتانی جیهاندا بایەخی پێدراوە. کورد وەکو میللەتێکی دێرینی سەر گۆی زەوی خاوەن کولتوور و شارستانییەتێکی یەکجار کۆنە و بەشێوەی جیاجیا هەوڵی تۆمارکردن و گواستنەوەی ئەم شارستانییەتەی بۆنەوەکانی دوارۆژ داوە. پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەیی و مێژوویی و کولتوورییەکانی هەموو میللەتێك لە جیهانی پێش شارستانییەتدا، لە ڕێگەی تۆمارکردنی بەسەرهات و ڕووداوەکان بووە. یەکێك لە ئامرازەکانی تۆمارکردنی ئەم سەربردە مێژووییە دێرینانە ئەفسانە بووە.

ئەفسانەی کوردی بەشێکە لە میراتی کولتووری و نەتەوەیی گەلی کورد کە هەندێ لەم میراتە کولتوورییە بە درێژایی مێژوو بەشێوەی سەرزاری و دواتریش بەشێوەی نووسراو پارێزراوە. ئەفسانە و ئایین پەیوەندییەکی دوور و قووڵی مێژووییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە و وەها لەناو یەکدا تواونەتەوە کە زۆرجار هەر بە یەك دادەنرێن، بۆیە ئایین - مەبەست ئایینی کوردە- بە یەکێك لە چاوگە گرنگەکانی ئەفسانەی کوردی دادەنرێت. کۆنترین ئایین کە بە شێوەیەکی ڕوون پیشاندەری بیروباوەڕ، کولتوور، تێڕوانین و جۆری بیرکردنەوە و مێژوو و جوگرافیای کورد بێت، بێگومان ئایینی زەردەشتییە. ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە زۆر ئایینی تر لە پێش ئایینی زەردەشتی لەناو کورددا باوبوونە، بەڵام هیچ کامیان بە ڕادەی ئەم ئایینە پیشاندەری ژیانی ئەفسانەیی، ئایینی و مێژوویی کورد نین. دەقە پیرۆزەکانی ئایینی زەردەشتی لەناو کتێبی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکاندا پارێزراون. بە نووسینەوە و کۆکردنەوەی بەشەکانی ئاڤێستا لە سەردەمە جیاجیاکاندا، بۆ یەکەمجار بەشێك لەئەفسانەی میللەتی کورد لە شێوەی سەرزارییەوە گۆڕا و شێوەی نووسراویان وەرگرت(کەرمەلی,٢٠١٢,ل 10 )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەفسانەی کوردی خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوەیە کە ئەفسانەی کوردی شوناسێکی تایبەت و سەربەخۆ وەرگردەگرێت. ئەم تایبەتمەندییانە لە چوارچێوەی پێکهاتەی ئەفسانەی کوردییەوە دەستنیشان دەکرێن. سەرجەم دەقە ئەفسانەییەکانی کوردی بەسەریەکەوە، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی پێکدێنن کە ڕەگ و ڕیشەیان لە مێژووی شارستانییەتی کورددا داکوتاوە. ئەم دەقە ئەفسانەییانە لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤی کورد پەیدابوونە و پەیوەستن بە جۆری بیرکردنەوە و ژیانی مرۆڤی کوردەوە.

تێڕوانینی مرۆڤی کورد لە سەردەمە زووەکان، سەبارەت بە جیهان، بوون، خودی مرۆڤ خۆی و سرووشتی دەوروبەری، تێڕوانینێکی ئەفسانەییانە بووە، لە تێڕوانینی ئەفسانەییدا (جیاوازی لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا بەدی ناکرێ. لە بیرکردنەوەی ئەفسانەییدا هەموو ئەو شتانەی کە بشێن ڕووبدەن بە بابەتێکی واقیعی دادەنرێ(ارشاد,١٣٩٠,ل٢١٥). ئەم تێڕوانینە ئەفسانەییانە لەسەردەمی خۆیان بە واقیع دانراون; ئەم واقیعانەی ناو کۆمەڵگەش لە ڕێگەی ئەفسانەبێژییەوە تۆمار دەکران و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگواسترانەوە. کەواتە بە دیاردەکەوێ لە سەردەمە کۆنەکانی زانینی -معریفە-ی مرۆڤایەتیدا (جیاوازییەك لەنێوان بیرکردنەوە و ئەفسانەسازییدا بەدی ناکرێت و مرۆڤ لە ڕێگەی هزری ئەفسانەییەوە بیری کردۆتەوە.)(بندری,١٣٨٠,ل١٩) لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا مرۆڤی کورد توانیویەتی بە هزری ئەفسانەیی کە هەڵقوڵاوی خەیاڵ و تێڕوانین و جیهانبینی ئەوبووە، لە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بدوێ و هەوڵی ڕاڤەکردنیان بدات; لەم کاتەدا ئەفسانەسازیی کردووە و بە پەرۆشەوە چیرۆکی بەسەرهاتو ئەزموونی ژیانی خۆی بە سینگی نەوەکانی و دواتر سپاردووە، لێرەوەیە کە ئەفسانە ڕۆڵی مێژوو دەبینێت، ئەویش مێژوویەکی پیرۆز.

کەواتە پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی خۆی لە قۆناغە جیاجیاکانی تێڕوانینی ئەفسانەیی و ژیانی مێژوویی کورددا دەبینێتەوە، بۆیە (د. مەولود ئیبراهیم) قۆناغەکانی ئەفسانەی کوردی بە ژیانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مێژوویی مرۆڤی کوردەوە دەبەستێتەوە و بەم پێیە ئەفسانەی کوردیی دابەشی سەر ئەم سێ قۆناغە جیاوازەی خوارەوە دەکات:

1- قۆناغی ئەشکەوت

2- قۆناغی گوند

3- قۆناغی شار(حەسەن,٢٠٠٧,ل٦٦-٦٩). ئەم دابەشکردنە تا ڕادەیەکی زۆر زانستییە، چونکە تێڕوانین و خواست و شێوازی دابینکردنی خۆراك، کار دەکەنە سەر شێوازی تێڕوانینی ئەفسانەیی. دواجار جیاوازی تێڕوانینی ئەفسانەیی، جیاوازی ئەفسانەسازیی لێدەکەوێتەوە و بەم پێیە جۆری ئەو ئەفسانانەی لەم سێ قۆناغەدا دروست دەبن لەگەڵ یەکتری جیاواز دەبن; بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە هەر کام لەم قۆناغانە لە پرێك کۆتاییان پێنەهاتووە و قۆناغەکەی تر دەستی پێنەکردووە. مرۆڤی کورد هاوکات لەگەڵ ئەوەی لەناو ئەشکەوتداژیاوە ڕەنگە لە ناوچەیەکی تری کوردستان یان لە هەمان شوێن لە گوند یان لە شاردا ژیابێت. "ئەوەش بەو واتایە نییە کە ئەم قۆناغانە تەواو لێکجیان و دیوارێك لە نێوانیاندا هەیە، نا... نەخێر بەڵکو بەردەوامییەك لە قۆناغەکاندا هەیە و لە گەرمەی هەر قۆناغێکدا، کەم و زۆر قۆناغەکانی تر ئامادەن"(حەسەن,هەمان سەرچاوە ,ل٧٠). کەواتە دەکرێ قۆناغەکانی ئەفسانەی کوردی بە گوێرەی تێڕوانینە ئەفسانەییەکانیش دابەش بکرێ. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەفسانەی کوردی دابەشی سێ قۆناغی جیاواز بکرێ کە بریتین لە:

1- ئەفسانەی قۆناغە بەراییەکان

2- ئەفسانەی قۆناغی ناوەڕاست

3- ئەفسانەی قۆناغی نوێ

لە قۆناغە بەراییەکانی ئەفسانەی کوردییدا، مرۆڤی کورد بەپێی پێویستی و ژینگە و خواستی دەروون و تێڕوانینە ئەفسانەییەکانی، کۆمەڵێك ئەفسانەی ئەفراندووە. وردە وردە ئەم ئەفسانانە جێگیر بوونە و دۆخێکی پیرۆزیان وەرگرتووە. ئەفسانەکان ساڵانە لە ڕۆژی تایبەت لە شوێنێکی پیرۆز و لەلایەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خەڵکەوە، لە قاڵبی ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر دووبارە دەکرێنەوە و بەرز و پیرۆز ڕادەگیرێن. دواجار هەر لەم کاتەدایە کە جۆرە ئایینێکی سەرەتایی دروستبووە. بۆ نموونە ناشتنی مردوو لە سەردەمە دێرینەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و لە قۆناغی ژیانی ناو ئەشکەوتدا پیشاندەری جۆرە ئاینێکە و باوەڕ بە دووبارە زیندووبوونەوە- ڕەنگە لە جیهانەکەی تر یان لە ژیانێکی تردا- لە شێوە و دۆخی ناشتنی مردوو رادەست دەکات. (کارن ئەرمسترانگ) ئاماژەی بە دۆزینەوە شوێنەوارناسییەکان داوە و پێی وایە لەناو گۆڕی مرۆڤی نیاندرتاڵدا، چەك و ئێسکی ئاژەڵی قوربانیکراو دۆزراوەتەوە و ئەمەش پیشاندەدات، مرۆڤی کۆن باوەڕی بە جیهانێکی تر هەیە کە لە جیهانی ئێستای خۆیان دەچێت. ڕەنگە نیاندێرتاڵییەکان سەبارەت بە ژیانی کەسی مردوو کۆمەڵە چیرۆکێکیان بۆ یەکتری گێڕابێتەوە. گۆڕی مرۆڤی نیاندرتاڵ پیشاندەدات کاتێك ئەم مرۆڤە کۆنانە زانیویانە ڕۆژێك دەبێ بمرن، جۆرە ئەفسانەیەکیان بۆ خۆیان دروستکردووە تاکو ڕووبەڕووی ئەم کارەساتە ترسێنەرە ببنەوە.(ارمسترانگ,١٣٩٠,ل١٠٨). لەوانەیە بیریان لەوە کردبێتەوە، ئەگەر ئەم مرۆڤە زیندووبێتەوە چ ڕوودەدات؟ ئینجا بە خەیاڵی خۆیان لەناو هۆشیاندا شوێنێکیان خوڵقاندووە تاکوو مردووەکە دووبارە تێیدا زیندووبێتەوە. ناوێك، یان ئاماژەیەکیان بۆ ئەم شوێنە داناوە. لە کاتی ناشتنی مردوو کەلوپەل و خۆراکیان بۆ داناوە. ڕەنگە لەگەڵ بەرەوپێش چوونی کات و گۆڕانی سەردەم کۆمەڵە ڕێوڕەسمێکی تایبەتیان بۆ ناشتنی مردوو ئەنجام دابێ کە دواتر لە ئەنجامی زۆر دووبارەبوونەوە، خۆی لە قاڵبێکی نوێ بەناوی ئایین دابێت.

بەپێی دابەشکردنی مێژوو، یەکەم قۆناغ واتا قۆناغی بەرایی ئەفسانەی کوردی بۆ سەردەمی ژیانی مرۆڤی کورد لەناو ئەشکەوت و کۆتاییەکانی ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە. ئەفسانەکانی ئەم قۆناغە لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بە ژیانی ڕاستەوخۆی مرۆڤ بە سروشتەوە هەبووە، زۆر گرنگن، هەر بۆیە بەشێکی ئەم ئەفسانانە لەبەریان گێڕاوەتەوە و بۆ قۆناغە ئەفسانەییەکانی دواتر گواستراونەتەوە. لە بەڵگەنامە مێژووییەکاندا سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیای کوردستان، ئەشکەوتی شاندەر و هەزارمێرد

بە نموونەیەکی دیاری ئەم قۆناغە دادەنرێن. "شوێنەوارناسی ئەمریکی، مولیکی لە کاتی هەڵکۆڵینە شوێنەوارناسییەکانیدا لە ئەشکەوتی شاندەر ئێسکبەندی مرۆڤی نیاندەرتاڵی دۆزییەوە کە مێژووەکەی بۆ دەوروبەری شەست هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە و هەروەها (گارود) لە هەڵکۆڵینەوەکانی لە ئەشکەوتی هەزارمێرددا شوێنەواری ئادەمیزادی دۆزیوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ دەوروبەری پەنجا هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە."(یوسف,٢٠٠٥,ل١٧). ئەفسانەی قۆناغی بەرایی کورد لە چوارچێوەی رێورەسمەکانی رێزگرتن لە(خواخەندی دایک)دا خۆی دەنوێنێ و دواتر لە ناو ئەفسانەی ئایینییەکانی قۆناغەکانی تردا شوێنەواریان دەدۆزێتەوە، بە تایبەتی ئایینی زەرقانی.

لە ئەنجامی گۆڕانی شێوازی ژیان و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان، مرۆڤی کورد پێ دەنێتە ناو قۆناغێکی نوێی مێژووییەوە. لەم قۆناغەدا بەهۆی گۆڕانە بنەڕەتییەکانی ژیان، تێڕوانین و بیری ئەفسانەییش گۆڕانیان بەسەردا دێت. دواجار ئەفسانەی نوێ دێتە ئاراوە و ئەفسانەی سەردەمی کۆن جێگەی خۆیان بە ئەفسانەی نوێ دەسپێرن، ئەگەرچی هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەندێ لە بنەما سەرەکییەکانی بۆ قۆناغەکانی دواتر دەگوازرێنەوە (کەرمەلی,٢٠١٢,ل٧٠).

قۆناغی ناوەڕاستی ئەفسانەی کوردی هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی مێژوویی گوندنشینی و شارستانیدا. لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا مرۆڤ هەوڵی دروستکردنی گوند وماڵیکردنی گیانلەبەرانی داوە و بە مەبەستی دابینکردنی خۆراك و پێویستییەکانی ژیان، دەستی بە کشتوکاڵ کردووە. هەرەوەزی و کۆڕبەستنی شەوانی بەرئاگردان، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەن.

ئەفسانەی قۆناغی ناوەڕاست کۆمەڵێك پەیامی نوێ بۆ مرۆڤ دێنێتە ئاراوە. پەیوەست بوونی ژیانی مرۆڤ بە خواوەندە جۆربەجۆرەکان و دەرکەوتنی رێوڕەسمی جۆراوجۆر بە مەبەستی ڕازیکردنی خواوەندەکان لەم قۆناغەدا، بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ داگیر دەکەن. ئەفسانە لەناو ئەم کۆمەڵگە نوێیانە ئەوەندە بەهێزە کە بە تەواوی ڕۆڵی ئایین دەبینێ. بۆ نموونە ئایینی زەرقانی تەواو گەشە دەکات و لە زێدانی ئەم ئایینەوە، ئایینی زەردەشتی، مانەوەی و ئیزەدی لە دایك دەبن. گەشەی بیری

ئەفسانەیی مرۆڤی کورد لە قۆناغی ناوەڕاستی ئەفسانەی کوردیدا، هۆکارێکە بۆ دروستبوونی ئایین بە واتا هەنووکەییەکەی و دەروازەیەك بوو بۆ هەنگاونان بەرەو یەکتاپەرستی کە لە ئایینی زەردەشتیدا هەوڵە سەرەتاییەکان، بۆ بەدی هاتنی ئەم ئامانجە بەرچاو دەکەون. گرنگترین هۆکار لەم قۆناغەدا لە بواری گەشە و گۆڕان و گواستنەوەی ئەفسانەکان، داهێنانی نووسین بوو. لە ڕێگەی ئەم داهێنانەوە بوو کە ئاڵووگۆڕی کولتووری لەنێوان مرۆڤی کۆمەڵگە نوێیەکان هاتەئاراوە; بەهۆی نووسین میللەتەکان لێکتر نزیك بوونەوە و ئەزموونی میللەتە جیاوازەکان بوونە کەرەسەیەکی خاو بۆ گەشەپێدانی فیکری و لە ئەنجامدا ئەفسانەی میللەتان کاریان لێك کرد و گۆڕانکارییان تێ کەوت.

سێیەمین قۆناغ هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان پێدا، قۆناغی ئەفسانەی نوێی کوردییە کە لەدوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانییەوە تاکوو ئێستای ئەمڕۆ دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا ئیتر مرۆڤ خاوەن ئەزموونێکی لەبن نەهاتووی ژیان لەسەر ڕووی زەوییە. شارستانییەتە پێشکەوتووەکان تێکەڵ بە یەکتری بوونە. ئاڵوگۆڕی بازرگانی و سیاسی  هۆکارێکن بۆ زیاتر تێکەڵبوونی میللەتان. ئەفسانەی کوردی کە لە قۆناغەکانی پێشوو وردە وردە سیمایەکی تەواو و ڕوونی بەخۆیەوە گرتبوو و بەشێکی گرنگی ئەفسانەکانی لەناو ئایینە جۆراوجۆرەکانی وەکو زەرڤانی، میهرپەرستی، زەردەشتی، مانەوەی و...هتد جێگیر ببوون، ئیتر دەبوایە خۆی لەگەڵ تێڕوانینە نوێ باوەکەی سەردەمی تازەدا بگونجێنێ کە لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلامدا بڵاو و باو ببوو.

لەم قۆناغەدا دوای بڵاوبوونەوە و گەشەی ئایینی ئیسلام، ئەفسانەی کوردی وەکو بەرهەمێکی پیرۆزی نەتەوەیی ئیتربە یەکجاری بەولاوە نەنرا، بەڵکو ئەمجارەیان بە سیما و ڕواڵەتێکی نوێ و لەژێر ناوونیشانی نوێ و لە قاڵبی ئەفسانەی نوێ لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا درێژەی بە بوونی خۆی دا. ناوەڕۆکی ئەفسانەکانی قۆناغی پێشوو ئەوەندە گرنگ بوون کە خۆیان خزاندبووە ناو ئەفسانەی نوێی کوردییەوە و ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەدەبی سەرزاری کوردی بدەین دەتوانین بە دەیان ئەفسانەی قۆناغەکانی پێشووی ئەفسانەی کوردی دەستنیشان بکەین کە لەژێر ناوونیشانی نوێ و پاڵەوانی نوێ-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕووی ناوی پاڵەوانەوە- باسی میهرپەرستی و خواوەندی پیت و بەرەکەت و خواوەندەکانی تر دەکەن.

هەروەکو ئاماژەمان پێدا لە ئەنجامی ئەم سێ قۆناغە دەتوانین پەی بە پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی ببەین. کاتێك ئاشکرابوو ئەفسانەی کوردی لە کوێوە دێت و پێکهاتەکەی چۆنە و بە چەند قۆناغدا تێپەڕیوە، ئینجا دەکرێ تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی دەستنیشان بکەین.

هەموو ئەفسانە و ئایینێك هەڵگری تایبەتمەندییەکانی شوێنی دەرکەوتنیەتی، واتا جوگرافیا دەورێکی سەرەکی هەیە لە دیاری کردنی تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەدا. هەموو جوگرافیایەکیش ناوەندی ژیانی کولتووری و مێژوویی میللەتێکە. بۆ نموونە کوردستان لە دێر زەمانەوە لەسەردەمی ئەشکەوتەوە تاکو ئەمرۆ جوگرافیا و مەڵبەندی ژیانی میللەتی کورد بووە. هەموو میللەتێکیش خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیەتی. زمانی کوردی ئەو زمانەیە کە میللەتی کورد لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوویی و ئەفسانەیی. پێی دواوە و ئەفسانەکانی خۆی پێ داڕشتووە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستوویەتییەوە. بەمەش کورد وەکو نەتەوەیەکی کۆن مێژوویەکی دوورودرێژی بۆ خۆی تۆمار کردووە، ئاشکرایە ئەفسانە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ساغ کردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان، بۆیە دەبینین پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا بەدی دەکرێت. شایەنی ئاماژە پێدانە کە (د. مەولوود ئیبراهیم) لە ئەنجامی توێژینەوەی بەردەوام توانیویەتی تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی لەم خالانەی خوارەوەدا کۆ بکاتەوە، بە جۆرێك کە تارادەیەکی زۆر جێگەی زیاتر توێژینەوە لەم بابەتە بەم توێژینەوەیە نادات:

1- تایبەتمەندی زمان

2- تایبەتمەندی مێژوویی

3- تایبەتمەندی ئایینی

4- تایبەتمەندی جوگرافی

5- تایبەتمەندی دابونەریتی کۆمەڵایەتی (حەسەن، ٢٠٠٢، ل ٢٤-٢٥)

بەپێی ئەم تایبەتمەندیانەی سەرەوە هەر ئەفسانەیەك بە زمانی کوردی دارێژرابێت جا چ بە زمانی کوردی کۆن، یان کوردی ئێستا و سەرجەم شێوازەکانی زمانی کوردی بێت، ئەفسانەیەکی کوردییە. هەر ئەفسانەیەك بەسەرهاتێکی میللەتی کورد بگێڕێتەوە، یان گۆشەیەك لە مێژووی کورد پیشان بدات، ئەفسانەیەکی کوردییە. هەر ئەفسانەیەك لە جوگرافیای کوردستان لە دایکبووبێت و باس لە دابونەریت و کولتووری کورد بکات، ئەفسانیەکی کوردییە. سەرجەم ئەو ئەفسانانەی لە قاڵبی ئایینی کورددا باس لە چۆنیەتی دروستبوونی زەوی و ئاسمان، مرۆڤ و رووەك و نیشتمانی کورد بکەن، ئەوە ئەفسانەیەکی کوردییە.

**بەشی دووەم**

## 1.2: ڕۆڵی میث و تایبەتمەندێتی زمانەوانی

وەك پێشتر وتمان، ئەفسانە هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی جیهان و تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی سروشت، بە تایبەتی لە قۆناغە مێژووییەکانی پێش سەرهەڵدانی "ئایین" و "فەلسەفە" و هونەر و زانست، لەبەر ئەوە ئەفسانە کۆمەلێ ڕۆڵ و ئەرکی تایبەتی هەیە بە بۆچوونی بیرمەند و زاناکان. ئەفسانە لای "هیگڵ " ئەرکی ئایینی سروشتیی دەبینی( الحنفی، ٢٠٠١،ل٦٠)، واتە ڕۆڵی ئایینی بینیوە لە قۆناغە دێرینەکانی مێژوودا. واتە ئاینێکی سەرەتایی و سروشتی بووە بۆ مرۆڤ. هەروەها "گیوسدۆرف" باوەڕی وایە ئەفسانە جۆرێك لەبیرکردنەوە بووە، لەپێش فەلسەفە و کاری پێکراوە، واتە ڕۆڵی بیرکردنەوەی بینیوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەفسانە لە بنەڕەتدا زمانێکی نامێژووییە. واتە لە دەرەوەی مێژووە و لە واقیعی ئەزموونی ڕۆژانەدا نییە، بەڵکو سەر بە جیهانی فانتازیایەبۆیە لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوە ئەفسانە چەند تایبەتمەندێتی خۆی هەیە:

* زمان وەك خەون ساکار و سەراسەر جیهان دەگرێتەوە. واتە گشتییە.

* لۆجیکی تیا نییە. واتە بێ سەروبەر و تێکەڵ و پێکەڵی پێوە دیارە هەندێك جاریش واتاکەیدژ بە یەکە ( موکری، ١٩٨٤، ل٤٢).

## 2.2: گەڕان بەدوای نەمریی لە میثە کوردییەکاندا

کێن ئەوانەی بەدوای نەمرییدا دەگەڕێن؟

ئەگەر بە وردی سەرنجی ژیانی هەموو ئەو کەسانە بدەین کە بەدوای نەمریدا گەڕوان و لەدەست مەرگ هەڵاتوون، چ لەسەر ئاستی جیهانی چ لەسەر ئاستی نەتەوەکان بەتایبەتی (کورد) و (فارس)دا دەبینین هەموو کەسایەتییەکان چەند خاڵێك کۆیان دەکاتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو خاڵانە لە هەمووواندا هەیە، ئەگەر (گلگامش) وەك کۆنترین کەسایەتی و جیهانیترین کەسایەتی، بە نموونە وەربگرین، ئەوا سەیر دەکەین لە کەسایەتی گلگامش دا ئەو خاڵانەی خوارەوە بەرچاون.

1- گلگامش پاڵەوانێکی لێهاتوو کەم وێنە و ئازا بوو، چەندین کاری پاڵەوانانەی کردبوو کە هەر لە خۆی دەهات. ئەوەیش چ لە مێژووی ژیانی گلگامش و چ لە ئەفسانەکاندا باس کراون.

2- گلگامش پاشاو کورە پاشا بووە، لە مێژوودا بە پێنجەمین پاشای سۆمەری داندراوە.

3- کەسایەتییەکی ئایینی بووە، چ لەوەی کە لەو سەردەمی مێژوودا پلەی ئایینی و دەسەڵاتی پاشایەتی یەکیان دەگرتەوە، چ بەوەی کە لە ڕووە ئەفسانەییەکەی کەسایەتی یەك بوو، دوو لەسەر سێی خوداوەندبوو.

4- لە ژیانیدا وەك پاڵەوان و کورە پاشاو پاشا زۆر خۆش ژیابوو، ئەوەش ژیانی لا خۆشەویست کردبوو، نەیدەویست لە ژیان دابرِێ.

5- لە ژیانیدا هەرچی پێی خۆش بووە و دڵی ویستوویەتی کردوویەتی، ئەوەش ڕێگای ئەوەی بۆ خۆش کردبوو، کەوا بیر بکاتەوە کە دەتوانێ (نەمریی)ش بەدەست بێنی.

6- کە لاشەی مردووی هاوڕێیەکەی (ئەنکیدۆ) دەبینێ بۆ یەکەمجار ترسی مردن دای دەگرێ.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر لەژێر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی گلگامش سەیری ژیانی ئەو کەسایەتیانە بکەین کە لە ئەفسانە کوردییەکاندا بەدوای نەمریدا گەڕاون لەگەڵ جیاوازی دەقەکان و ئەو گۆڕانانەی کە بە درێژایی ڕۆژگار بەسەر-ڕووداو- و - دەق-ەکان دا هاتووە، هێشتا خاڵە هاوبەشەکان بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە و خۆماندووکردنێکی زۆریان ناوێ (حەسەن، ٢٠٠٢، ل ١٧٤-١٧٥).

### 3.2: پیرەژنێك!

ئەوە یەکەمین دەقە لەنێو دەقە کوردی و فارسییەکان کە پاڵەوان یان ئەو کەسەی بەدوای نەمریدا دەگەڕێ کەسایەتییەکی (ئافرەت) بێ! تێپەڕینی ڕۆژگار لە درێژی ئەم دەقەشی کەم کردووەتەوە و تەنیا کرۆکی کێشەکەی هێشتووتەوە، ئەویش هەڵاتنە لە دەست مردن و گەڕانە بەدوای شوێنێك کە مردنی لێ نەبێ، چونکە لەم دەقەشدا وەك ئەوەی پێشوو بۆنی ئەوە دەکەین کە ئەو پیرەژنە کەسایەتییەکی ئاسایی نییە! کە بە دووری نازانم کەسایەتییەکی سەرکردەیی، یان کۆمەلایەتی، یان ئایینی بووبێ، سەرەڕای سۆزی دایکایەتی، کە ئەمانە پێکەوە لەگەڵ ترس لەمردن و خۆشەویستی ژیان بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەم (پیرەژن!)ـە لە دەست مردن هەڵێ و بەدوای ئەو شارو وڵاتەدا بگەڕێ کە مردنی لێ نییە! چونکە گەڕان بۆ کارێکی وا گران و شتێکی وا ئەستەم هێز و سەرمایەی پاشاو لەشکری سەرکردانی دەوێ، بە دووری نازانم، کە ئەم (پیرەژن!)ـە ئەم هۆیانەی هەموو لەبەر دەست بووبێ، بەڵگەش بۆ ئەمە گەڕان و ڕۆیشتنەکەیە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین:- جگە لەوەی ئەم کەسایەتییە ئافرەتە، ئافرەتێکی دەسەڵاتدار و سەرکردەش بووە، گەڕانەکەشی وەك زۆربەی کەسایەتییە (پیاو!)ـەکان لە سایەی هێز و سەرمایە و دەسەڵاتەوە خواستەکەی خۆی خستووتە کار و ڕێگای دوور و جێگای پڕ ئەستەمی بۆ بڕیوە (حەسەن، ٢٠٠٢، ل ١٧٧-١٧٨).

### 4.2: جیاوازی و تایبەتمەندی میثە کوردییەکان:

- لەنێو ئەفسانە کوردییەکاندا یەکێ لەو کەسایەتیانەی کە لەدەست مردن هەڵدێ و بەدوای نەمریدا دەگەڕێ (پیرەژنێك)ـە، واتە کەسایەتییەکی (ژن)ـە، کەچی لە دەقە فارسییەکان کەسایەتیەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەموویان پیاون کە هۆی نەمرییان هەیە، یان بەدوایدا دەگەڕێن، یان ئەوەتە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەستیان دەکەوێ.

- لە یەکێ لە دەقە کوردییەکان کە باسی ئاوی حەیات دەکات دەڵێ: هەر کەسێ بیخواتەوە ڕاستە نەمریی دەست دەکەوێ! بەڵام، لەنێوان کرم و منداڵ و جەوان و لاو و جوامێر و بیروکەترەییدا دەسوڕێتەوە و بەردەوام لەنێو ئەو بازنەیەدایە، لە هیچ یەکێ لە دەقە فارسییەکان باسی ئاوی حەیات بەم شێوەیە ناکات و هیچ کەس وای بەسەر نەهاتووە.

- لە دەقێکی کوردیدا (زەلامێك) کە خۆی ئاوی نەمریی خواردووەتەوە و نەمریی بەدەست هێناوە- چونکە جۆری نەمرییەکەی بەدڵ نییە! ئامۆژگاری ئەوەی تر دەکات کە تازە بەدوای ئاوی نەمرییدا دەگەڕێ،کە ئەو ئاوە نەخواتەوە، چونکە وەکو ئەوی بەسەردێ، ئەو خۆی لەم ئاوە خواردنەوە و ئەم شێوە نەمرییە پەشیمانە، نایەوێ ئەویش تووشی ئەو پەشیمانییە ببێ! لەنێو دەقە فارسییەکان ئەم جۆرە نەمریی و ئەم کەسایەتییە نیە! تا ئاوا ئامۆژگاری خەڵك بکا!

- لە دەقە کوردییەکان بە تایبەت لە (میرمح) و (ئەسحابە)دا، کەمیرمح دەچێتە نێو(قوبافەلەکێ) و (پیاوی ئاغا) دەچێتە کن ئەسحابەی،بۆ هەردووکیان زەمەنێکی یەکجار زۆر تێدەپەڕێ، میرمح هەزار و پێنج سەد ساڵ، پیاوی ئاغای حەفتا هەزار ساڵ- وەك دەقەکان باس دەکەن- واتە دوو جۆر (زەمەن) لە یەك کاتدا هەست پێ دەکرێ، کەچی لە دەقە فارسییەکاندا ئەم زەمەن تێپەڕین و دووکاتییە بەرچاو ناکەوێ.

- لە دەقە کوردییەکان بە تایبەت (میرمح)ی کوردی لە سەرەتا نازانێ (مردن!) چیە و هیچ لە بارەی مردنەوە نازانێ، بەڵام، کە ژنەکەی دەمرێ و دواجار تێدەگات کە ئەویش ڕۆژێك دێ دەمرێ، ئینجا دەیەوێ بچێتە جێگایەك کە مردنی لێ نەبێ! بەڵام لەنێو ئەفسانە فارسییەکان کەسایەتییەك بەم شێوەیە نییە!

- لە ئەفسانە کوردییەکان چەند کارو ڕووداوێك هەن هەتا تەواو نەبن و ڕوو نەدەن، کەسایەتییەکان نامرن، واتە هەندێ شت هەن ڕێگە لە مردن دەگرن، یان ڕاستتر مردن دوا دەخەن بۆ میرمح نەمانی سێوەکان، بۆ جوتیار و باڵندە و مارو پیرەمێردیش، وشك بوونی دەریا و تەواو بوونی گەڵێ یە زوڕات و پڕبوونەوەی گەڵێ یە بە (کراس- کاژ)ی مارو پڕ بوونەوەی گەڵێێ یە بە سبیڵ و لەخۆڵی گردەکە و لە ئەسکەندەر ژێر پێی بێتە ڕەساس و سەری بېێتە تاس، بەڵام لە ئەفسانە فارسییەکان باسێك لەم جۆرە مردن ڕاگرتنە نییە!. - لە ئەفسانە کوردییەکان- بە تایبەت میرمح و ئەسکەندەر- باس لەوە دەکات، جگە لە میرمح خۆی، ئەسپ و تاژییەکانیشی نەمریی بەدەست دێنن، لە ئەسکەندەری چار قوڕنەت داری و وشك و جوانووی مردوو بە ئاوی حەیات زیندوو دەبنەوە، لە دەقە فارسییەکان ئەم جۆرە نەمرییە بۆگیانلەبەران بەم شێوەیە نییە!.

- لە ئەفسانە کوردییەکان- بە تایبەت میرمح و ئەسکەندەر- دواجار خودا تاك و تەنیا بۆ خۆی (جبرائیل) ئاگادار دەکاتەوە کە نابێ میرمح بگاتەوە و قوببافەلەکی، چونکە ئەگەر بگاتەوە ئەویێ، ئەوە بە یەکجاری نامرێ! دەبێ پێش ئەوەی بگاتەوە ئەو جێگایەی کە مردنی لێ نییە! سێوەکانی لە دەست دەربێ و بمرێ. ئەسکەندەریش نابێ لە ئاوی نەمری بخواتەوە، چونکە مرۆڤە! نەمریش هەر بۆ خوداوەندان و ئەوانەیە کە لەڕێزی مرۆڤ دا نامێنن، ئەمەش هەر لەسەر فەرمانی (خودا)یە و بەهۆی دەنگێ لە غەیبەوەیە، بەڵام لە ئەفسانە فارسییەکان (خودا) بەم شێوە ڕاستەوخۆیە دەست لەکارەکان وەرنادا. (حەسەن، ٢٠٠٢، ل ٢٠٦-٢٠٧-١٧٧-١٧٨-١٥٧-١٥٢-١٥٤-١٥٨-١٧٥-١٧٦)

## بەشی سێیەم: ژن لە میث بەگشتی و میثی کوردیی بە تایبەت

### 1.3: ژن لە میثەکاندا

پێش ئەوەی باس لە خواوەندی مێینە بکەین لە ئەفسانەی کوردی دا, پێویستە سەرەتایەك لەسەر ژن لە ئەفسانە بە گشتی باس بکەین. هەڵبەت وەك پێشتر باس لە ئەفسانە کرا, ئەفسانە دیوێکی ئەندێشەیی یا خەیاڵی واقیعی ژیان و خولیاکانی مرۆڤە. بۆیە وەك چۆن لە ئەفسانەکان دا دێوو درنج

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و گیانلەبەر و ئاژەڵی تێدایە, ئاوەهاش مرۆڤ بە هەردوو رەگەزەوە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە قارەمانێتی ئەفسانەکاندا. بۆ راستی ئەم گۆتەیە دەتوانین ئاماژە بە دوو دەقی "حەماسی" هیندویی بدەین بە ناوونیشانی مهارباتا و رامایانا کە لە دەورەبەری (400) ساڵ پێش زایین تا (200)ی پاش زانیش کە چەند سیمایەك لە ژنی قارەمان بە ناوەکانی "سیتا" و "ساویتری" و "دروپدی" باس دەکرێ ( پوکر، ١٩٩٩، ل ١٢٣-١٢٩). هەڵبەت لە فەرهەنگ و کولتوورەکانی خۆرهەڵاتدا هەمیشە باس لە قارەمانێتی و پاکیزەیی و جوانی و سیحری ژن کراوە, رۆڵی ژن تێیاندا وایکردووە پایە و پێگەی مێینە بۆ ئاستی خوداوەند بەرزبێتەوە و ببنە کەسێتییەکی نموونەیی لەو کۆمەڵگایانەدا. هەروەها لە میتۆلۆجیا یۆنانییەکانیشدا کە لە "هۆمیرۆس" و "هزیۆد" گێراویانەتەوە وێنەی ئافرەت بە جۆرێك کراوە کە جێگای سەرسووڕمانە, چونکی یۆنانییەکان وێنەی خواوەندی ئافرەتیان بەو شێوە وێناکردووە کە لەسەر زەویدا هەبووە ( عە بدولفەتاح، ٢٠٠٨,ل ٢٣). بۆیە ئەفسانەی خواوەندی مێینە گوزارشتێکی ڕاستبووە لە خەون و خەیاڵەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمە و چۆنیەتی تێگەیشتن و ڕوانینی لە رەگەزی مێینە. پێدەچێت کەسێتی "ئافرۆدیت" هەر هەمان کەسێتی خواوەندی "ئەشتار"ی خۆرهەڵات بێت کە دواتر باسی دەکەین ( زیوس، ٢٠٠٥، ل ٢٤). بۆیە دەکرێ هەمان شتیش ڕاستبێ کە لە فەرهەنگ و ئەفسانەی کوردیدا چەندین رۆڵی گرنگ و سەرنجراکێش دراوە بە ژن تا ڕادەیی بەرزکردنەوەی بۆ پلەی خوداوەندێکی ئەفسانەیی.

رەنگە هۆکاری ئەوەی بۆچی ژن یا ئافرەت وەك خواوەندێ سەیر کراوە لە سەردەمە دێرینەکاندا؟ لە راستیدا لەبەر ئەوەی مەسەلەی منداڵ بوون و زاوزێی ئافرەت بۆ خۆی جۆرێکە لەو نهێنیانەی کە مرۆڤایەتی لەو سەردەمانەدا بە چاوی سەرسوڕمان و لە ئاسایی بەدەر سەیر کراوە. کە بۆچی ژن دەتوانی سکی هەبێ و منداڵی بێ, بەڵام پیاو ناتوانێ؟ هەروەها لەبەر ئەوەی بە دایکی مرۆڤ و دایەن و پەروەردەکەر شیردەر و بەخێوکەری منداڵ و سەرچاوەی ژیان دادەنرێ چونکی لە سکی خۆیدا مرۆڤێك بە زیندووی دەهێنیتە نێو جیهانەوە, ئەوە بووە هۆی وەك پیرۆزی ڕابگیرێ و بەرز بێتەوە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پلەی خواوەند لە کۆمەڵگەی قۆناغی دایکسالاری دا (عقراوی، ٢٠٠٥، ل ١٩٧٨). کەواتە پەرستنی خواوەندی ژن واتە پەرستنی زیندوویەتی و ژیان کە دایکە.

## 2.3: خواوەندی مێینە و جۆرەکانی

دیارە لە میتۆلۆجیا (ئەفسانەناسی)دا چەند جۆر خواوەندمان هەیە, هەم بەپێی رەگەز واتە نێرو مێ, هەم بەپێی رەگەزێکی تایبەت وەك ئافرەت. بۆیە دەبینین لە میتۆلۆجیادا, دوو جۆر خوداوەندی ئافرەتانمان بۆ باس دەکات کە هەریەکەیان بەپێی ئەرك و رۆڵیان گرنگیان هەیە:

جۆری یەکەم: ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە کە لاواز و بێ هێز نین, بەڵکو بەهۆی ئازایەتی و توانایانەوە خاوەنی رێزی تایبەتی خۆیانن. ئەوانەش سێ خوداوەندی ژنن کە لە "ئەسینا" و "هێتا" و "ئارتمیس" پێك دێن. شایانی باسە ئەو سێ خوداوەندە کچ بوون وەك خوداوەندەکانی تر مێردیان نەکردووە, بۆیە "ئەسینا" بۆتە خواوەندی نێو ماڵ کە پیشەی چنین و دوورمان و رستن و کابانی بووە. "هێنا" بۆتە خواەندی ئاگردان کە دەتوانی هەموو ئەو کەسانە بپارێزێ کە پەنا بۆ ئاگردانی پیرۆز دەبەن لەنێو ماڵ دا. "ئارتمیس" دەبێتە خواوەندی ئاژەڵە بچووکەکان کە منداڵان لە هەموو قەزا و بەڵایەك دەپارێزێ (عە بدولفەتاح ، ٢٠٠٨ل ٢٣).

جۆری دووەم: خواوەندی نێو کۆمەڵگەی خواوەندە نەمرەکانە کە بریتییە لە "ئەفرۆدیت" کە هەم کچ و هەم خۆشەویستی خواوەندە "زیۆس" بووە. لە هەمان کاتیشدا خواوەندی ئافرەتە سۆزانیەکانی شاری ئەسینا بووە. مێژوونووسان پێیان وایە دوو "ئەفرۆدیت" هەیە: یەکێکیان ئەفرۆدیتی سەر زەوییە و ئەویتریشیان ئاسمانییە (عەبدولفەتاح ە.س ، ل ٢٣).

کەواتە ئەمانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئافرەت لە ئەفسانەکاندا باسکراون و بایەخیان پێدراوە لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا پلەوپایەکی تایبەتیان هەبووە, بەڵام لە ئەفسانە ی کوردیدا چۆن باس لە ئافرەت کراوە؟ پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە, دەبێ باسێکی کورتی ئەفسانەی کوردی بکەین, تاکو بتوانین لەو روانگەوە رۆڵی مێینە دەستنیشان بکەین. چونکی ئەفسانەی کوردی جیاواز و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ئەفسانەی گەلانی تر. هاوکات لێکچوون و ئاوێتەیش هەیە لەگەڵ ئەفسانەی ئەو گەل و تیروهۆزانەی لەسەر خاکی کوردستان ژیاون.

بۆیە لە کۆنترین و سەرەتایترین بەرجەستەکردنی خواوەند لە مێژووی ئایینی مرۆڤدا لەسەر شێوەی دایك- دایەگەورە- دایکە خواوەند وێنەکراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دایك وەك بەخشەری ژیان و هێنانەبوونی مرۆڤی بۆ ناو دونیا دانراوە, بۆیە لە میتۆلۆجیاکاندا خواوەندی دایك وەك سەرچاوەی ژیان و هاوکات چاودێرکردنی گیان و بەخێوکردنی منداڵ سەیر کراوە. لەبەر ئەوەشە کە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا قۆناغێك هەیە پێ دەوترێ قۆناغی دایکسالاری ( حەسەن، ٢٠٠٧،ل ٧٦).

## 3.3: سەرهەڵدانی میثی کوردی

لە راستیدا سەرهەڵدانی ئەفسانەی کوردی هاوشانی دەستپێکردنی ئایینی کوردە لە مێژوودا, چونکە ئایین و ئەفسانە پێکەوە سەریان هەڵداوە لەمێژوودا. هەروەها ئایینە کۆن و سەرەتاییەکان بۆ خۆیان کەرەسەیەکی دەولەمەندی ئەفسانن. پاشان ئەو هۆیانەی کە ئایینایین(ئاینی زەمینی) دروستکرد هەر هەمان ئەو هۆکارانەن کە بە زۆری ئەفسانەیان دروستکرد, بۆیە لە زۆر قۆناغی مێژوویدا ئایین و ئەفسانە یەك ناگرێنەوە. بۆ نموونە لەسەردەمی سۆمەرییەکان و دواتر لە سەردەمی ئایینی میترانی و زەردەشت دا پانتاییەکی گەورەی لە هزری خەڵکی دا داگیرکردبوو. لەلایەکی دیکەشەوە بەردەوام ئەفسانەی کوردی خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم و هاتنی ئایینەکان دا گونجاندووە ( حەسەن،هەمان سەرچاوە، ل ٧٧).

## بەشی چوارەم:

## 1.4: میثی کوردی و تایبەتمەندییەکانی

بەپێی ئەو پاشماوە ئەرکیۆلۆجی (شوێنەوارناسیانەوە) و شایەتحاڵە مێژووییەکانەوە کە ماونەتەوە و لەبەردەستی لیکۆڵەرەوانان, دەتوانین کولتوور و فەرهەنگی مرۆڤی کورد بە چەند قۆناغێك دابنێین:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر لە مرۆڤی سەرەتایی و پێش مێژووەوە کوردستان بە چەندین سەردەم و قۆناغی میرنشین و دەوڵەت و شارنشینەوە تێپەڕیوە کە ڕەنگدانەوەی هەبووە لەبیرکردنەوەی ئەفسانەی گەلی کورد و بە تایبەت بە روانین و پلەوەپایەی ژن تێیدا. بۆیە لەگەڵ شارەکانی "میزۆپۆتامیا" و لەژێر کاریگەری دیالێکتەکانی هیندوئارییەکان دا تا سەردەمی باڵادەستی ئەخمینی و هیلینی و ساسانی و ئیسلام دا, دەبینین چەندین ئەفسانەی جیاواز لە ناوچەکانی کوردستان دا هەبووە ( رشید، ٢٠٠٤، ل ٢١٨). ئەمە بەڵگەیەکی مێژووییە کە کورد خاوەنی ئەفسانەی هاوبەشە لەگەڵ گەل و نەتەوەکانی تردا لەو سەرمایە یاخود پاشماوە شوێنەواری و مێژوویانەدا ( موکری،١٩٨٤ ،ل ٤٠-٤١). بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە کورد وەك گەلێك و بەو پێیەی لە جوگرافیای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە, یەکێکە لەو گەلە دێرینانەی کە لە میزۆپۆتامیادا ئاشنایەتی لەگەڵ گەلانی ئێران و سۆمەر بابل و ناوچەکانی تردا هەبووە و کەم تا زۆر وەرگرتن و ئاڵوگۆری بیری ئەفسانەی روویداوە, لەبەر ئەوە کورد هاوبەشە لە داستانە ئەفسانیەکان و موڵکی کوردیشی تێدایە, هەر بۆیە لێکچوون هەیە لەگەڵ ئەو گەل و تیرو هۆزانەی لەو ناوچانەدا ژیاون وەك مێژوونووس دکتۆر جەمال رەشید دەڵێ ( رشید، ٢٠٠٤، ل ٢١٨).

هەروەها کورد وەك گەل و میللەتێك هەوڵی داوە لە کێشەو گرفتی ژیان و بوون و جیهان و دیاردە سروشتییەکان تێبگات و هۆکار و ئەنجامی دیاردە و گۆرانکاریەکان لە ژیان دا دەستنیشان بکات, بۆیە ناکرێ بڵێین کورد خاوەنی ئەفسانە نییە, چونکی وتنی ئەو قسە وەك ئەوەیە بڵێین گەلی کورد خاوەنی پرسیار و ئەقلییی بیرکردنەوە نییە. کەواتە کوردیش هەروەك هەموو گەل و نەتەوەکانی تری دونیا خاوەنی مێژوویەکی دێرین و دەوڵەمەندە لە رووی کەلەپوور و فۆلکلۆرەوە و لە ئەفسانەکانیشدا رەنگدانەوەی ژیان و کێشە و ململانێی سەختەکانی بووە لەگەڵ دەورەبەر و گەلانی تردا ( موکری،١٩٨٤ ،ل ٤٦-٤٨). بۆیە لامان سەیر نەبێ ئەگەر بڵێین کولتووری کوردی لە رووی ئەفسانەوە هیچی لە نەتەوەکانی دراوسێ کەمتر نییە وەك چۆن لە ڕووی ئەدەب و شیعرەوە شانی خۆی ئەدات لە شانی میللەتانی تری دونیا.

لەبەر ئەوە و ئەگەر بمانەوێ بزانین ئەفسانەی کوردی چییە, پێویستە پێشتر باس لە تایبەتمەندییەکانی بکەین:

* یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی بەگشتی ئەوەیە کە بە ڕوونی شەڕێکی سەخت لە نێوان بەرەی چاکە (روناکی) و بەرەی خراپەکاری (تاریکی)دا هەیە کە دواجار بەرەی چاکە سەردەکەوێ و خراپەش شکست دێنێ ( رەسول ، ١٩٧٠، ل ١٣-١٤).

* هەروەها یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی, باسکردن و وەسفکردنی هێزی چاکە و خراپەیە لە وێنەی دێو و درنج و هەندێك جاریش لە شێوەی ئادەمیزاد دا بەرجەستەکراوە, بۆیە هەمیشە دیو و درنج وێنەی مرۆڤی خراپە, وەك چۆنیش پیرەژن و ئەژدیها و ماریش نموونەی ئەو بوونەوەرە خراپانەن کە ئەفسانەی کوردی وەك جۆرێك لە پەندو ئامۆژگاری ئاراستەی مرۆڤی کوردی کردووە لە مێژوودا. هەمیشە هێزی چاکە بە بەرەی رووناکی دەژمێردرێ و هێزی خراپەیش بە بەرەی تاریك دادەنرێ کە ئەرهیمەنە ( شارەزا ، ٢٠٠٥، ل ١٠-١٣), بۆیە بەرەی باش و نوێنەرەکانی بریتین لە پەریەکان و فریشتە و پەلەوەر و باڵندەکان ( موکری، ل ٤٢-٤٢).

* پاشان یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی ئەوەیە چەندین بیروباوەری ئایینی و نەریتی کۆنی پێش ئیسلامی وەك زەردەشتی تێدایە: وەك پیرۆزی ئاگر, خراپی و بەدی مار, وەك لە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەردا هاتووە روودەدات, شەڕێکە کە تێیدا مرۆڤ بەگشتی بەلایەنە چاکەکە دەژمێردرێ ( حەسەن، ٢٠٠٧،ل ٤٨-٤٩).

شایانی باسە لە ئەفسانەی کوردیدا دوای ململانێ و شەڕێکی سەخت لەنێوان هەردوو بەرەی چاکە و خراپە دا, هەمیشە لایەنی چاکە و روناکی سەردەکەوێ, بۆیە دەتوانین بڵێین لە ئەفسانەی کوردیدا باسی چاکەکاری و سەرکەوتنی بەسەر خراپەکاریدا تایبەتمەندی و خاڵی جیاکەرەوەیەتی لە ئەفسانەکانی تر, چونکی گێرانەوەی داستانە ئەفسانەییەکان لە فۆلکلۆری کوردا بۆ پەند و ئامۆژگاری و رێنیشاندانی مرۆڤە. وەك چۆن جۆرێکە لە مێژوو, بەڵام مێژوویەکی زانستی نییە. ئەمەش

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەفسانە "لەناو گەلی کوردا پلەوپایەیەکی بەرزی هەیە و ئاوێنەیەکی باڵانمایە بۆ شیکردنەوەی چەشنی ژیانی کورد. ئەفسانەکان بەگشتی هی رۆژگارێکی زۆر کۆنە و کارەساتی ئەشکەوتەکان و ژیانی ساویلکەیی ئەو دەمەی کوردەکانمان بۆ دەگێرێتەوە" ( بۆرەکەیی،١٣٧٥ ،ل ١٩٩).

## 2.4: دەستپێکردنی مێژوویی میثی مێینە لە کوردستان

ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مێژوو کە باس لە خواوەندی ئافرەت کراوە, واتە ئەو کاتەی تازە نووسین داهێنراوە و دەستپێکردووە و یاساکان نووسراونەتەوە, هەر لەو سەردەمانەشدا ژن  خوداوەند بووە کە بە قۆناغی کۆمەڵگەی ژن سالاریی دەناسرێ, بەڵام ئەم سەردەمە درێژەی نەکێشاوە, چونکی دواتر کە ژن بۆتە موڵکی پیاو قۆناغی پیاوسالاری لە مێژوودا سەری هەڵداوە. چونکی بەپێی بەڵگە شوێنەوارییەکان-ئاسەوارەکان- لە هەموو دونیا لەگەڵ شوێنەواری مرۆڤایەتی بیست هەزار ساڵ لەمەوبەر کە بە دەورانی بەرد یا چاخی بەردین دەناسرێ, پەیکەرێ دۆزراوەتەوە کە پێیدەوترێ "پەیکەری دایکی مەزن" کە هەر لە خاکی کوردستان کە نزیك 15 کیلۆمەتر لە "کرماشان"ە کە بە ڤینۆسی سەراو ناو دەبرێ ( گزنگ، ١٩٩٣، ل ٣٤). دیارە ئەو پەیکەرانە لە گڵ یا بەرد یا لە ئێسك و عاج دروستکراون, بۆیە هەموویان یەك تایبەتمەندی و سیفەتیان هەیە. لە راستدا جێی سەرنجە کە ئەو پەیکەرانە ژنان بۆ خۆیان دروستیانکردووە و خۆشیان پەرەستشیان کردوە. هەربۆیە ئەمە سەرەتای پەیدابوونی خوداوەندەکانە کە یەکەمیان "ژن خودایە" (گزنگ ه.س، ل ٣٤).

دەتوانین بڵێین بەگشتی پەیکەرە بێ دەموچاوەکانی کە لە دایکی مەزن "ڤینۆسەکان" دروستکراون, ژن خوداکانن کە بەنێو خودای بارداری و هەڵگری منداڵ لە سەرانسەری دونیادا هەبوون و وەکو نیشانەیەکی ئایینی نەك تەنها بۆ ژنان بەڵکو بۆ پیاوانی یەکەم هێما و ڕەمزی زاوزێ و پەناگا و خۆراکدەر و پەنادەر بووە (گزنگ ه.س، ل ٣٤).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیدی ئەو کاتەی نووسین دەستی پێکردووە, ژن خوداش هەبووە بەهۆی ئەو پەیکەرانە کە دۆزراوەتەوە کە ڤینۆس یەکێکە لەو پەیکەرانەی کە لە کوردستانی رۆژهەڵات دۆزراوەتەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە لە کۆمەڵگە کشتوکاڵیەکاندا (وەك کۆمەڵگەی کوردەواری خۆشمان) هەمیشە نهێنی بەپیتی زەوی بەستراوەتەوە بە پیتی ژنەوە. هەر لەبەر ئەوەش زەوی پەرستراوە لە سەردەمانێکدا و بە پیرۆز تەماشا کراوە بەو پێیەی کە دایکە ( قصالحسین، ٢٠٠٩، ل ١١٣). شایەنی باسە هەمیشە لە هزرو بیری نیشتیمان پەروەریدا دایک هێمایە بۆ نیشتیمان کە دەکری ئەم هێمایە لە ئەفسانەی ئەو گەلانەوە هاتبێ کە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیین و خاك و زەوی و ئاو سەرچاوەی ژیان پێکدەهێنن.

### 3.4: خواوەندی مێینە لە میث و کولتووری کوردیدا

بەو پێیەی کە ئەفسانە رەنگدانەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتییەوە پێشتر لە پێناسەی ئەفسانەدا ئاماژەی پێدرا, دەتوانین باس لە رۆڵی ئافرەت بکەین و بزانین پێگەو پایەی لە کولتووری کوردیدا چۆنە, چونکی ئەفسانەکان ئاوێنەی ژیان و خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤن, بۆیە هەرچۆنێك ئافرەت لە ئەفسانەی کوردیدا باس بکرێ, ئەوە نیشانەی ئەوەشە چۆن کۆمەڵگەی کوردی لە ئافرەتانی روانیوە, بۆیە پێویستە پێش هەموو شتێ سەرنجی ئایینە کۆنەکان بدەین لە کوردستاندا کە چۆن لە ئافرەتیان روانیوە. دیارە ئەمە بە دوو شتدا دەزانرێ:

یەکەم: چەند لە خواوەندەکان یا فریشتەکان رەگەزی ژنیان هەیە.

دووەم: وتارە ئایینیەکان بە چ شێوەیەك ناوی ژن دێنن. بۆ نموونە لەبەردەنووسی ئانوپانینی (2670-2550) دا پادشای "لۆلۆیی" ژن خودا کە ناوی نی نی (nini) دەبیندرێ کە بازنەی پادشاهی دەدا بە ئازوو و دوودڵی پێشکەش دەکات ( گزنگ، ١٩٩٣،ل ١٤).

### 4.4: خواوەندە مێینەکان لە میثی کوردیدا

خواوەند "هێرا" کە بە شاژنی ئاسمان دەناسرێت. ئەم ژن خواوەندە لە رووی ئەفسانەییەوە بەهێزترین خواوەندی ژنە. بۆیە بەخوای هەموو ژنان دەناسرا ( عە بدولفەتاح ،٢٠٠٧، ل ٢٣). هەروەها هاوسەری هەمیشەیی "زیۆس"ە کە رۆمیەکان پێیاندەوت "یۆنوون". شایەنی باسە "هێرا" خاوەنی چارەنووسی هەموو ژنان بوو هەر لەسەرتای ژیانەوە تا مردن لە دەستی ئەودا بوو, چونکی هێرا وەك نموونەی ژنێکی ژیرو وەفادر و باڵاجوان و رێکوپێك هاوکات روخساری جیددی و بەهێز دەناسرا ( عە بدولفەتاح ، هەمان سەرچاوە،ل ٢٣).

هەروەها لە شاخەکانی دەوری (عیلام- لە خۆرهەڵاتی کوردستان)دا دیمەنی ژن خودای فراوانکردنی رزق و رۆزی دەبیندرێ کە نێوی کیریشیا (kirirsha) بووە و دەیان سەدە پەرستراوە. هەروەها ژن خودایە نانا کە بە (nanaja) ناسراوە تا دەورانی پارتیەکان درێژەی هەبوە و ئێستاش پەیکەرەکەی لە گۆرستانی پارتیەکاندا دۆزراوەتەوە. نێوی ئەم ژن خودایە ئێستاش لەنێو ئێمەدا بە تایبەت دایە گەورەکانی کورد کە بە "نەنە" بانگ دەکرێ هەر ماوەتەوە ( گزنگ، ١٩٩٣،ل ٤٣). ژن خواوەندێکی تریش هەبووە بەناوی "ئێشنۆ شیناك" (In shushinak) کە یەکێك لە خواوەندە گەورەکان کە هەم بە خواوەندی نەتەوەیی ناسراوە و بۆ خۆی ژنی "شالا" گەورە خواوەندی ناوچەی عیلام بوو ( گزنگ ە.س، ل ٤٣). بێجگە لەوش خواەند "سامۆرات" لە ساڵی ( 811-808 پ.ز) دا شاژنی دایك بووە کە سێ ساڵی تەواو تاج و تەختی ئاشووری بە دەستەوە بووە, شایانی وتنە ئەم شاژنە سەرچاوەی ئەفسانەی مێژوویی "سەمیر ئەمیس"ە لە یۆناندا. بەپێی ئەم ئەفسانەیەش بێ, سەمیر ئەمیس نیوەی خودا و نیوەکەی تریشی شا و فەرماندەی بە جەرگ و ئەندازیارێکی شیاو و حاکمێکی هۆشیار و بە تەکبیر بووە ( گزنگ ،ە.س، ل ١٨).

دیارە خواوەندی ژن لە کوردستان زۆر بوون کە رەمز و هێمای خۆشەویستی و ئازایەتی بوون. ئەمە جگە لەوەی کە پەیکەری شاژن ناپیر ئاسو (Napir asu) ژنی شا "ئونتاش" کە لە مادەی برۆنز دارێژراوە و کێشەکی (1750) کیلۆیە. لەسەر داوێنی ئەم پەیکەرە نووسراوە: هەر کەس ئازارێك بەم پەیکەرە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بگەیەنێ, توشی هەموو جۆرە بەڵایەکی ئاسمانی دەبێ". سەرەڕای ئەوەش کەسەری ئەم پەیکەرەیان پەراندووە. هەروەها لە ئاییینی سۆمەریدا چەندین خودا هەبوون کە بە رەگەز ژن بونە وەکو "نانایە" کە خودای پاکیزەیی بووە و (باکرە)ی زەوی بووە و خودای تایبەتی ئاری "ئۆر" بووە. خودای شاری کیش لاگاش "ئینگیر سك(دایکی خەخمۆر)" بووە, کەپێیان وابووە خەمی خەڵك دەخوا و لەلای خوداکانی دایك بۆیان دەپارێتەوە. هەروەها یەکێك لە سێ خودای هەرە مەزن ژنە بەناوی "ئە دا" لە ئەکەدا (5000) خودای گەورە و بچووك هەبووە کە بەشێکی زۆریان ژن خودا بوون. بۆ وێنە "ئەشتەر" و "نانا" دووان لەو خودا هەرە گەورە و خۆشەویستەکانن. هەروەها ژن خودا "نی نی" (نا نا) بە دەستێك دوژمنەکانی پەتکردووە و بە دەستێکی بازنەیی پادشاهی دەدا بە ئانوباتی پادشای لولوی (بەردەنووس- سەرپڵ زەهاو).

یەکێکی تر لە خواوەندە مێینە بەناوبانگ و زۆر ناسراوەکان کە بەخواوەندی دایك دەناسرێ ناوی "شاوشکا"یە کە لە شاری "شموخا" نزیك شاری ئامەد (دیاربەکر)ە. تا ئێستەش وێنەکانی لەسەر مۆری هەندێ شوێنی تر وەك تەپە لە نەهاوەند هەر ماوە ( رشید ، ٢٠٠٤، ل ٣٣٦). لە راستیدا "شاوشکا" خواوەندی دایك یەکێکە لە کۆنترین پەرستراوەکانی ناوچەی "میزۆپۆتامیا" (کە نێوان دوو روبارەکە - دجلە و فورات دەناسرێ) نیشانەیە بۆ پیت و فەڕ و بەرەکەت و بەردەوامی ژیان. ئەم خواوەندە لە شێوەی بۆکەڵەی گەورەدا کە قەبارەیەکی زەبەلاح و دەست و ئەندامەکانی لاشەشی گەورەن. هاوکات لە شارستانیەتەکانی کۆن دا ئەم خواوەندە هێمای مێینەیی و پاکیزەی و داوێنپاکی ژن بووە (رشید ه.س، ل ٢٣٧).

ئەمانە و چەندان نموونەی تر کە دەریدەخەن بۆ نموونە ناوچەی "جەرمۆ" یەکێکە لە هەرە چەشنە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە دەکەوێتە کوردستان ئێراقی ئێستا, بتی بچووکی لە قوڕ دروستکراو دۆزراونەتەوە کە بۆ پەرستن بەکارهاتوون. لە راستیدا ئەم بتانە شێوەی ئافرەتیان هەبووە. بۆیە بەرای زانایانی شوێنەوارناسی. ئەمانە دەبێ خواوەندی دایك بووبن وە سەر بە کولتووری چەرخی

نوێین لە مێژوودا. ئیدی خواوەندی دایك پەیوەندی بە پەرستنی خاك و پیت و بەرکەوتەوە هەبووە کە لەناو میللەتانی ئەو چاخەدا باوبووە. هەروەها تایبەت بە شاعیران و ئەو رێورەسمە ئاینیانەی کە بۆ بەرێوەبەردنی کاروباری کشتوکاڵی ئەنجام دەدران پەرستراوە ( میران، ٢٠٠٠، ل ١٩-٢٠).

یەکێکی تر لە خواوەندە بەناوبانگەکان ئەناهیتا (عەشتار- ISHRAR) یا ئەشخارا دەناسرێ. دیارە ئەناهیتا (عەشتار) خواوەندی پیت و بەرەکەتە لای سۆمەرییەکان هەروەها ئەکەدی و بابلییەکانیش پەرستوویانە, ئەمەش خواوەندی دایکە کە سەرچاوەی پیت و بەرەکەتە و خواوەندی خۆشەویستی و جوانی و سێکس و خواوەندی شەڕە, لە دەقە مێخەکییەکاندا بە سەرۆك و خاوەنی شەڕ ناونراوە (شمشێرێکی کەوانەیی و داری دوو سەرەی هەڵگرتووە و لەسەر پشتی شێر یا دوو شێر وەستاوە) وێنەی دووپیشکێك لەسەر گڵێنەکانی شارستانیەتی سامەڕا (900- 5500پ.ز) دۆزراوەتەوە کە هێمایەك بووە لە هێماکانی خواوەند عەشتار لە سەما ئاینیەکاندا. هەروەها لەسەر مۆرەکان و وێنەکانی بۆکێنی پیرۆز و لەسەر هەندێك بەردی سنوورەکان کە هێمایەك بوو بۆ موڵکایەتی ئەم زەویانە کە لە لایەن پادشاوە بەخشراوە ( رشید ، ٢٠٠٤، ل ٥٧٠). بۆیە ئەناهیتا لە شاری ئەربیل- هەولێری ئێستا- لای ئاشووریەکان زۆر ناسراو بوو.

هەروەها ئەو خواوەندەی کە بە (مامی) خواوەندی لە دایکبوونە لە کاتی ژانی لە دایکبوون. واتە ئەو ژانەی تووشی ئافرەت دەبێت بەر لە کرداری منداڵبوون لە سکیدا, سەرپەرشتی و ئاگاداری و پارێزگاری لە ژن دەکات. شایانی باسە تا ئێستاش لە زمانی کوردیدا بەو کەسەی کە لە ماڵ دەچێتە یارمەتی ژنی سکپڕ دەدات بۆ منداڵ بوون, پێی دەوترێت مامان کە دەگەرێتەوە بۆ ناوی ئەو خواوەندە ( رشید،ه.س، ل ٥٧١).

لە کۆتایی دا ئاماژە بە خواوەندێکی مێینە ئەدەین کە لای زۆربەمان لەبیرماوەتەوە, ئەویش خواوەند "شاماران" (SAHMARAN)ە کە بەخوداوەندی دایك دەناسرێ. ئەم خواوەندە لە شێوەی مار دایە. ئەمەش سەیر نییە, چونکی مار لە ئەفسانەی گەلی کوردا دا زۆر باسی لێدەکرێ. هەر بۆیە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەناوبانگترین ئەفسانە لە هەندێك ناوچەی کوردەواریدا ئەفسانەی شامارانە, واتا شای مارەکان. ئەم خواوەندە نێوەی ئافرەت و نیوەکەی تریشی مارە. بۆیە زۆرێك لە ئەفسانە ناس و پسپۆرەکان پێیان وایە ئەمە بناغەی ئەفسانەی کوردییە, چونکە بەڕای ئەو پسپۆرانە ئەم ئەفسانەیە راستیەك دەردەخات, ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی لە چاخە دێرین و کۆنەکان دا, کۆمەڵگەیەکی دایکسالاری بووە, هەر بۆیە لە زۆر ناوچەی کوردستاندا, کە لەناو نەختینە و زێڕی مارەی کچان دا کاتی شوکردنیان وێنەی خواوەند شاماران دادەنرێ ( Colins، 2000 ١٣،١٤). یا لە ژووری نووستنی بووك و زاوا دادەنرێ بە مەبەستی هێنانی پیت و فەڕ و خۆشبەختی. بەرز راگرتنی ئەم خواوەندە لەوەشەوە هاتووە کە نیشانەی نەمرییە و تەمەندرێژی دەهێنێ, وەك چۆن مار کاژی خۆی فڕێ ئەدات و خۆی نوێ دەکاتەوە, ئاوەهاش نەمری و مانەوە لە پاش متبوونی لە ژیانی ماردا, جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ژیان, سەرەڕای ئەوەی خواوەندی مار هێمای هەژموون و کاریگەری فریودانی سێکسی و فێڵ و تەڵەکەشە کە دواجار پەیوەندی بە ئەفسانەی "ئادەم" و "حەوا"شەوە هەیە.

لە راستیدا لە ئەفسانەی ناوچەی "میزۆپۆتامیا"دا خواوەندی مار لە دەستیدا و هاوکات پرچە درێژە قورسەکانی دەبنە مار, ئەمەش مانای هێزی سێکسی و فریودانە. لەگەڵ ئەوەشدا دووانەیی -دولیزم-ی چاکە و خراپە لایەنی درۆینەیی سامان و سەرمایە دەردەخات, چونکی لەلایەك مار لایەنی خراپە و لایەنی چاکەیە, بۆیە تائێستاش لە کوردستان ئەفسانەی سامان و دەوڵەمەندی و پیت و بەرەکەت هەر هەیە, چونکی وا باوە لە هەندێ شوێن کە ئەگەر مار بکوژرێ, فڕێ دەدەنە ناو ئاو, ئەگەر باران کەم بوو, خەڵکی دەیەوێ باران باری وەك ئەوەی جارێکی تر مارەکە بگەڕێتەوە بۆ ژیان ( رەسول، ١٩٧٠، ل ١٣-١٤).

لێرەوە دەتوانین ئەو راستیە بسەلمێنین کە خواوەندی "شاماران" خواوەندی دانایی و پارێزەر و پاسەوانی نهێنییەکانە لە ئەفسانەی کوردیدا (Colins،هەمان سەرچاوە،ل٢٤ ). ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان نییە, چونکی هاوشێوەی ئەم خواوەندە لە ئەفسانەی یۆنانییەکانیشدا هەیە کە بەناوی

مێرمید (Mermei) دەناسرێ کە لەگەڵ خواوەندی ماری زەویی ئاپی (Api)ە . هاوکات ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لە هاوبەشی و لێکچوون لەنێوان ئەفسانەی کوردیی و ئەفسانەکانی گەلانی تردا.

## ئەنجام

داستان و چیرۆك میللی و فۆلکلۆرییەکانی کورد پڕن لە نموونەی بەرز و دیار کە باس لە خواوەندی مێینە دەکەن. ئەمە جگە لەوەی ئەو لێکۆلینەوە شوێنەوارایانەی بۆ زۆر ناوچەی کوردستان کە ئاسەواری کۆنی تێدا ماوە کراون. بەڵگەی باش هەن لەسەر ئەفسانە و رۆڵی مێینە, بەڵام هێشتا شوێنی تر هەن کە لێکۆلینەوەیان لەسەر دەکرێ و دەکرێ لە داهاتوودا شتی نوێ دەرکەوێ.

ئامانج لە گەڕانەوە و باسکردنی خواوەندی مێینە لە ئەفسانی کوردیدا بە پلەی یەکەم, باسکردنی پێگە و پلە و پایەی ئافرەتە لە کۆمەڵگەی کوردیدا, چونکی بەپێی ئەو ئەفسانانە بەرز ڕاگرتنی ئافرەت و ناونان و وەسفکردنی خواوەندەکان بە خواوەندی مێینە, راستییەکی وامان بۆ دەردەخات کە چۆن سەیری ئافرەت کراوە, رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە تایبەت لە قۆناغە دێرین و سەرەتاییەکاندا دەردەخەن, کە کۆمەڵگەی کوردی دایکسالار بووە, بۆیە نزیکایەتی و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی لەگەڵ نەتەوە و گەلانی تری ناوچەکە بۆتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەفسانەی کوردی و وە مانەوەی زۆر بۆچوون سەبارەت بە ئافرەت کە هەمووی یا زۆربەی لەو ئەفسانانەوە هاتوون تا ئەمڕۆ.

کەواتە تێگەیشتن لە ئافرەت پێویستی بە گەڕانەوەش هەیە بۆ مێژوو و ئەفسانەکان بە تایبەت.

بەڕای ئێمە لە هەمووی گرنگتر, زیندووترین نموونە بۆ خواوەندی مێینە لە کولتووری کوردا "شاماران"ە کە بە نزیکترین و باشترین نموونە دژمێردێ کە ئێمە لەرێی ئەم توێژینەوە و گەرانەوە بۆ سەرچاوەکان دۆزیومانەتەوە. بە تایبەت تائێستاش لە کۆمەڵگەی خۆماندا وێنەیەك هەیە بۆ ئافرەت وەك فریودەر و سەرنجراکێشەر و نەرم, بەڵام پێچاوپێچ و سرت و خێرا و ژەهراوی. زمانی تیژ و درێژ, کاتی وەسفیی ئافرەتانی زۆرزان و بەدەموزمان دەکرێ, کە دەلێن خۆت لە دەمی بپارێزە! ئەمەش ئەو راستیە دەردەخات کە پەیوەندی پیاو و ژن چۆنە لە کۆمەڵگەی خۆماندا. زۆرجار پیاو ترساوە لە ژن

چونکی سیحر و مەکر و ناز و توانایەکی تایبەتی هەبووە لە سەرنجراکێشانی پیاودا, پیاوەکانیش بە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ ئەم بۆچوونانەیان لە ئەفسانەی کوردی خۆیەوە وەرگرتووە, هەروەها گرنگی دان بە ئافرەت و باسکردنی لە ئەفسانەکاندا بایەخ و گرنگی ئافرەتیش دەردەخات, ئینجا وێنەی ئافرەت لەوێدا باش بێ یا خراپ.

## لیستی سەرچاوەکان

1. ئازاد رەوئوف قەزاز، خودا لە تەقڵگەریەوە بۆ هەستگەری: خوێندنەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی بۆ ناسینی خودا لای مرۆڤ, ل140, 2011.

2. ئارشاک سافراستیان،کورد و کوردستان،وەرگێڕانی:ئەمین شوانی،بڵاو کراوەی (ئاراس)چاپی دووەم،هەولێر ٢٠٠٥.

3. ئاماژجاف،سیخۆڕی بە ئامێری سیخۆڕی و لێکۆڵینەوە لە میشک و پاراسایکۆلۆجی،بەرگی یەکەم.چاپخانەی ئۆفسێتی کار،سلێمانی ٢٠٠٢ز.

4. ئەنداز حەویزی،نیگار کردنەوەی ئاڤێستا،نامەی مەینەتی زەردەشت،بەشی یەکەم،شوێنی چاپ(؟)ساڵی چاپ(؟).

5. ئەنستاس ماری کەرمەلی،جیلوە و مەسحەفی رەش(کتێبی پیرۆزی ئێزیدیەکان)، و نەجاتی عە بدولا،دەزگای ئاراس،چاپی یەکەم،هەولێر٢٠١٢.

6. د. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: ئەفلاتون و ئافرەت, وەرگێرانی بۆ کوردی, ئەژین عەبدولخالق, پێداچوونەوەی رێبین رەسول: ل 31-32, 2008.

٧. د.مەولود ئیبراهیم حەسەن،گەڕان بە دوای نەمریدا،بڵاو کردنەوەی(ئاراس)،چاپی یەکەم،هەولێر٢٠٠٢.

٨. دین لە هەوراماندا؟

٩. مهوەش واحد دوست،رویکردهای علمی بە اسطورە شناسی،(سروشت انتشارات صدا وسیما)چاپ اول تهران-١٣٨١.

١٠. موسا محمد خدر،ئایینی زەردەشتی لە سەرەتای ئیسلام تا سەردەمی بوەیهیەکان،زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی ئەدەبیات،بەشی مێژوو،هەولێر٢٠٠٤.

11. اسماعیل یورد شاهیان،تبار شناسی قومی وحیات ملی،نشر پژوهش فرزان روز،چاپ اول تهران-١٣٨٠.

12. د.مەولود ابراهیم حه سەن،پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی،چاپخانەی رەنج،چاپی یەکەم،لا ٦٦-٦٩،سلێمانی ٢٠٠.
13. محمد رضا ارشاد،گستره اسطوره،انتشارات هرمس،چاپ سوم،ص٢١٥،تهران ١٣٩٠.
١٤. نجف دریا بندری،افسانەی اسطوره،نشر کارنامه،جاپ اول،ص١٩،تهران ١٣٨٠.
١٥. کارن ارمسترانگ،تاریخ مختصراسطوره،ترجمه عباس مخبر،نشر مرکز،جاپ اول،ص١،تهران ١٣٩٠.
١٦. د.کامەران موکری ،ئه دەبی فۆلکلۆری کوردی،بەشی یەکەم١٩٨٤-کتێبخانەی نیشتمانی بەغدا،ل٤٢-٤٢
١٧. د.مەولود ئیبراهیم حەسەن،گەڕان بە دوای نەمرییدا لە ئەفسانە ی کوردی و فارسی دا،دەزگای ئاراس،چاپی یەکەم،ل١٧٤-١٧٥،هەولێر٢٠٠٢.
١٨. د. رەشاد میران، رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان دا, چاپی دووەم, بڵاوکردنەوەی سەنتەری برایەتی زنجیرە 7, 2000.
١٩.د.عیزەددین مستەفا رەسول، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا, 1970, ل13-14.
٢٠. کەریم شارەزا، ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا, هەولێر 2005, ل10-13.
٢١. د. کەمال مەزهەر، ئافرەت لە مێژوودا،بەغدا, 1984.
٢٢. د. کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی, بەشی یەکەم 1984- کتێبخانەی نیشتمانی بەغداد, ئەدەبی میللی کورد, ل39-56.
٢٣. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن ،پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی،لێکۆلینەوەیەکی بەراوردکاریی شیکارییە لە نێوان ئەفسانە و مێژوو و ئایین و فەلسەفە و زانستدا, 2007 سلێمانی.
24. محمد سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی, چاپ اول 1375, چاپخانەی میهر تەبرێز.
٢٥. فواد حسین ئەحمەد، ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا،دارالحریه للگباع بغداد, بێ ساڵ, ل13-15.
٢٦. زێوس، ئەفسانەی خواکان، وەرگێرانی بۆ فارسی شجاع الدین شفا،وەرگێرانی بۆ کوردی: عومەر رەسول خدر, ل24: چاپی یەکەم- سلێمانی 2005.

**سەرچاوە عەربییەکان:**

٢٧. د. جمال رشید، ظهور الکورد فی التاریخ, ص336-337, اراس 2005.
٢٨. فراس السواح، الاسطوره والمعنی دراسات فی المیتولوجیا و الدیانات الشرقیه،الطبعه الثانیه- دار علادین ،دمشق٢٠٠١ .
٢٩. نورثروب افرای،الماهیه والخرافه،دراسات فی المیثولوجیاالشعریه،ترجمه،هیفاءهاشم،مراجعه :عبدلکریم ناصیف،منشورات وزاره الثقافه الطبعه الاولی،دمیشق-١٩٩٢.

٣٠. خزعلالماجدی،الدین السومری،دار الشروق للنشروالتوازیع،الطبعه العربیه الاولی،عمان١٩٩٨.
31. ماجد عبدالله الشمس،الحظاره والمیثولوجیا فی العراق القدیم، منشورات دار علاءالدین،الطبعه الاولی-دمشق- ٢٠٠٣.
32. فاضل عبدالواحد علی الدکتور، الطوفان المراجع المساویه الاهالی،الطبعه الاول-دمشق ١٩٩٩،٢٠٠٣.
٣٣. هیجل،تاریخ الفلسفه،الجلد الاول،ترجمه:ا.د.امام عبدالفتاح امام،الناشر مکتبه مدبولی-القاهره ١٩٩٧.
د.عبد الحمید الحنفی،المعجم الفلسفی، ل-٦٠.
٣٤. عبدالرقیب یوسف،حدود کردستان الجنوبیه تاریخیا وجغرافیا،مطبعه شقان،الطبعه الثانیه،ص١٧،السلیمانیه ٢٠٠٥.

**گۆڤار:**

35. ژیلا و تەیفور، خواوەندی مێینە لە کولتووری کوردیدا, گۆڤاری گزنگ سوێد ساڵی 1993, ژمارە 8: ل14, ژمارە ل3-32.
36. ڕامان-ژمارە(٩٩)،هەولێر-٢٠٠٥.
ڕامان-ژمارە(١٠١)،هەولێر-٢٠٠٥.
ڕامان-ژمارە(١٠٢)،هەولێر-٢٠٠٥.
ڕامان-ژمارە(١٠٧)،هەولێر-٢٠٠٥.
ڕامان-ژمارە(١٠٨هەولێر-٢٠٠٦.
37. هەزار مێرد،ژمارە(٢٥)ساڵی حەوتەم،٢٠٠٤.
38. لالش ،١٦،دهۆک، اب،٢٠٠١ مجله ثقافیه دوریه یصندرها مرکز لالش باللغتیین الکوردیه والعربیه.

**سەرچاوەی ئینتەرنێت:**

39. ئەندرۆ کۆلینز:
http://www.andrewxcollins.com/page/articles/kurdistan.htm
*http/landofkard.blogaspot.com/2010/05scythican-methology-and-yazdanism.
*http://landofkarda.blogspot.com/2009/02/shameran.html.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The (Female) women goddness in the Kurdish myth

**Shataw Bezhan Hama Rashid**

Department of law Administration, Aynda technical privete institute, Erbil, Kurdistan rigion, Iraq

setavnn@gmail.com

***Keywords:*** *Gods, woman, the myth, the cave, The Human being, the religio.*

**Abstract**

Through a deep study of Kurdish myths from a religious and philosophical point of view, we found that they contain many beliefs and rituals, and they were interpreted as myths, such as the burial of the living and offering the sacrifices, where they were referred and searched for sources that talk about the Kurdish myth, in some of them talking about female goddess and then taking the form of a comparison between the Kurdish myth and the myths of neighboring peoples in terms of similarities and differences between them to understand the Kurdish myth. Through this research, first: Defining the myth theoretically and then the role of the gods and their types in the myth, as well as trying to define the gods, especially the female ones, the theoretical aspect includes the essence of the Kurdish myth and its characteristics, as well as the role of females in it with the search for female characteristics in myth and Kurdish folklore.

## الهة (الانثي) المرأة في الاسطورة الكردية

**كلمات المفتاحية**: الآلهة, المرأة, الأسطورة, الكهف, البشر, الدين

**ملخص:**

توصلنا من خلال الدراسة العميقة للأساطير الكوردية من الناحية الدينية والفلسفية بإن فيها الكثير من المعتقدات والطقوس و كانت تُفسر على أنها أساطير ولكنها تبينت أنها كانت فروض دينية القصد منها

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الأديان الأرضية و آداب و عادات المجتمع حيث كانت تمارس هذه الفروض بقدسية يومياً، مثل دفن الأحياء و تقديم القرابين "الأضحية" .حيث تم الرجوع و البحث عن المصادر التي تتحدث عن الأسطورة الكوردية، في بعض منها تتحدث عن الآلهة الإناث و من ثم أخذ شكل المقارنة بين الأسطورة الكوردية وأساطير الشعوب المجاورة من ناحية أوجه التشابه والإختلاف بينهم لفهم الأسطورة الكوردية و لذلك تم من خلال هذا البحث أولا: تعريف الأسطورة نظرياً و من ثم دور الآلهة وأنواعها في الأسطورة و كذلك محاولة تعريف الآلهة و خاصة الإناث منها ، تتضمن الناحية النظرية ماهية الأسطورة الكوردية وخصائصها و كذلك دور الإناث فيها مع البحث عن خصائص الأنثى في الأسطورة والفلكلور الكوردي.